دێمۆکراسی بۆ ئێران    خودموختاری بۆ کوردستان

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران

١٥ی ڕەزبەری ١٣٨١ | ٧ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٢ | ژمارە ٣٥٠ | ١٥٠ تمەن

## دەست بەکار بوونەوەی "ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان"ی عێراق

پاش چەند ساڵ دابڕان، ڕۆژی هەینی ٤ی ئوکتوبری ٢٠٠٢ (١٢ی ڕەزبەری ١٣٨١) لە ڕێورەسمێکدا بە بەشداریی سەرۆکایەتیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان‌و پارتی دێمۆکراتی کوردستان، خاتوو دانیەل میتران، دوکتور کەندال نزان سەرۆکی ئەنیستیتۆی کورد لە پاریس‌و لەبەر چاوی هەواڵنێرانی چەندین کاناڵ‌و ئاژانسی ڕاگەیاندنی نێوخۆیی، ناوچەو جیهان، "ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان"ی عێراق بە ئامادە بوونی ئەندامانی هەر دوو فراکسیۆنی زەردو سەوزو لیستی مۆر، کاری خۆی دەست پێکردەوە.

ئەم هەنگاوە گرنگە لەسەر بناغەی ڕێکەوتننامەکەی ساڵی ١٩٩٨ی ڕێبەرانی هەردوو حیزب لە واشنگتون‌و لەدرێژەی هەوڵە هاوبەشەکانی هەردوولا بۆ جێگیر کردنی ئاشتی‌دا، هاویژراو، هەردوو سەرۆکی پارتی‌و یەکیەتی بەڕێزان مەسعوود بارزانی‌و جەلال تالەبانی، ئەم ڕۆژەیان بە ڕۆژێکی مێژوویی‌و گرنگ نرخاندو کۆبوونەوەکەیان بە بەردی بناغەی یەکڕیزیی گەلی کورد لە کوردستانی عێراق دانا.

سکرتێری گشتیی حیزب لە ڕێوڕەسمی دەساڵەی شەهید بوونی دوکتور شەرەفکەندی لە شاری ستۆکهۆڵمدا:

# ئومێد بەستن بەم‌و بەو لەنێو حاکمییەت دا، ناگاتە هیچ جێیەک، بۆیە دەبێ هەموومان دەگەل هەموو حاکمییەتی جمهووریی ئیسلامی تەرەف بین





ڕۆژی ٢١ی سێپتامبری ٢٠٠٢ی زایینی ڕێوڕەسمی یادی دە ساڵەی شەهید بوونی دوکتور سادق شەرەفکەندی‌و هاوڕێیانی: کاک فەتتاح عەبدولی، ئەندامی کومیتەی ناوەندی‌و نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات، کاک هومایوون ئەردەڵان نوێنەری حیزب لە وڵاتی ئاڵمان‌و کاک نووری دێهکوردی لە دۆستانی حیزب، لە یەکێك لە ساڵۆنەکانی شاری ستۆکهوڵم پێتەختی وڵاتی سوئێدو بە بەشداریی نزیك بە هەزار کەس بەڕێوە چوو.

ڕێوەڕەسمەکە کاتژمێر ٣ی دوانیوەڕۆ بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب"و دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێ کرد.

سەرەتا پەیامی کومیتەی حیزب لە سوئێد لە لایەن هاوڕێی بەڕێز حەسەن قارەمانی، بەرپرسی کومیتەوە پێشکەش کرا. پاشان هاوڕێی بەڕێزو تێکۆشەر عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە، سکرتێری گشتیی حیزب لە پێوەندی لەگەڵ ڕووداوی میکونووس‌و کەسایەتی دوکتور شەرەفکەندی‌و کۆمەڵێك مەسەلەی سیاسیی دیکەدا بۆ بەشداران دوا کە لەگەڵ پێشوازیی گەرمی ئامادە بووان‌و دەربڕینی هەستی بێ‌خەوشیان بەرەو ڕوو بوو. چەند بەشێك لە قسەکانی سکرتێری گشتی لە لاپەڕی ٢و٣ی ئەم ژمارەیەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.

پاش قسەکانی بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزب، بەڕێز ئاغای "کۆنی فرێدریکسۆن" سەرۆکی گرووپی کاری کوردان لە ئەنترناسیۆناڵی سوسیالیست‌و ئەندامی ڕێبەرایەتی حیزبی سوسیال دێموکراتی سوئێد وتەیەکی پێشکەش کرد کە لەودا پشتیوانیی خۆی لە مەسەلەی ڕەوای کورد بەگشتیی‌و سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە تایبەتی دووپات کردەوە.

بەدوای قسەکانی ئاغای "کۆنی فرێدریکسۆن"دا هەڤاڵان "بوبی ئەسەر" نوێنەری کومیتەی هاوکاریی هێزە سیاسی‌یەکانی کوردو کوردستان،و کاک "ئەسعەد یووسفی" نوێنەری فێدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانی‌یەکان لە سوئێد، پەیامەکانی خۆیان خوێندەوە.

٢

## مادام میتران

### سەردانی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی کرد



سەعات ٥ی ئێوارەی ڕۆژی شەمۆ ڕێکەوتی ١٣ی ڕەزبەری ساڵی ١٣٨١ی هەتاوی بەڕێز خاتوو دانیەل میتران هاوسەری سەرۆك کۆماری پێشووی فەرانسە، دۆستی لەمێژینە کوردو سەرۆکی بونیادی فرانس لیبرتە بە هاوڕێیی دوکتور کەندال نزان سەرۆکی ئەنیستیتوی کورد لە پاریس‌و هەیئەتێکی هاوڕێی، سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانیان کردو لەلایەن هاوڕێیانی بەڕێز کاك مستەفا هیجری، کاك حەسەن ڕەستگار، کاك حەسەنی شەرەفی‌و کاك حوسێنی مەدەنی ئەندامانی دەفتەری سیاسی‌و کاك سەید ڕەزا دروودگەر، کاك عوسمان ڕەحیمی، ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی‌و کاك سەید برایم کەریمی‌و کاك حوسێن نازدار ئەندامانی جێگری کۆمیتەی ناوەندی‌یەوە بە گەرمی پێشوازییان لێ کرا. لەو دیدارو دانیشتنەدا کۆمەڵێك مەسەلەی پێوەندیدار بە وەزعی کوردستان‌و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کەوتنە بەرباس.

سەعات ٧ی ئێوارە، هەیئەتی میوان پاش کۆتایی دیدارو دانیشتنەکە لەلایەن هەیئەتی بەڕێوەبەرایەتیی حیزبەوە بە گەرمی بەڕێ کران.

## چەند کورتە هەواڵ

● دادگای ئەمنییەتی تورکیە سزای عەبدوڵڵا ئوجەلان سەرۆکی P.K.Kی لە ئیعدامەوە کرد بە زیندانی ئەبەد. ئەم بڕیارە بەدوای پەسند کرانی قانوونی هەڵوەشانەوەی سزای ئیعدام لەلایەن ئەو وڵاتەوە لە مانگی ئووت، بە مەبەستی وەرگیران لە یەکیەتیی ئورووپادا، درا.

● بەڕێوەبەری کاروباری بزووتنەوەی خوێندەوار کردن لە ئوستانە ناوەندیەکانی ئێران (علی نقی بافندە) ڕای‌گەیاند ٨ میلیون کەس لە ئێراندا نەخوێندەوارن کە ٣ میلیون کەسیان، تەمەنیان لەخوارەوەی ٤٠ ساڵە. ١٢ میلیون کەسیش کەم خوێندەوارن کە هیچ بەرنامەیەك بۆ بەرەو ژوور بردنی خوێندەوارییان لە گۆڕێ دانیە.

● بڵاو بوونەوەی ئاکامەکانی بیروڕا پرسیی ٣ ناوەندی لێکۆڵینەوە کە نیشانی دا سەدی ٧٥ی خەڵکی تاران خوازیاری وتووێژ لەگەڵ دەوڵەتی ئەمریکان، قۆڵی پاوانخوازی کۆماری ئیسلامیی توورە کردوە، هەربۆیە لەلایەن قازی مورتەزەوی‌یەوە دەستووری گرتنی بەڕێوەبەرانی ئەو ناوەندانە دەرچووە.

## ئێعدامی ٥ کەس لە تاران لەبەر چاوی خەڵك



بەرەبەیانی ڕۆژی ٧ی ڕەزبەر، ٥ کەس بە ناوەکانی "امیر فخری" (ناسراو بە مەهدی)، "فرهاد آق لریان"، "امیر کربلایی حیدر"، "پیام امینی" و "مجید قاسمی" کە لە ڕۆژی ٩ی بەفرانباری ساڵی ڕابردۆوە بە تاوانی بەشداری لە ڕفاندنی ژنان‌و کچاندا‌و بێ‌حورمەتی بەوان گیرابوون، لە دوو مەیدانی تاران ئیعدام کران. ٢ کەس لەوان لە مەیدانی ئازادی‌و ٣ کەسیشیان لە مەیدانی ئیستیقلال، هەڵاوەسران. بۆ بینینی ڕێورەسمی بەدار داکردنی ئەو ٥ کەسە، هەزاران کەس لەو دوو مەیدانە کۆ کرابوونەوە تا شاهیدی بەڕێوەچوونی عەداڵەت لەو سەرزەوی‌یە ئیسلامی‌یەدا بن‌و عیبرەت گرتوو بن!

دەسەڵاتدارانی ئێران بە پێویستی نازانن بۆ خەڵکی ڕوون بکەنەوە هۆی چیە لە حاڵێکدا ئەم جۆرە سزایانە زیاتر لە ٢٠ ساڵە لەبەر چاوی خەڵك بەڕێوە دەچن، دزی‌و ڕاو ڕووت‌و فەسادو جینایەت لە ئێراندا هەروا پەرە دەستێنن! ئەوان باش دەزانن سەرچاوەی ئەسلیی قەیرانی هەمە لایەنە لە وڵاتدا، ئەوان‌و ڕێژیمەکەیانن نەك ئەو جۆرە تاوانبارانە کە بۆخۆشیان بەرهەم‌و قوربانیی هەلومەرجی گشتیی دڵتەزێنی ئێرانن.

## جینایەتی تازەی ئەرتەشی ئیسرائیل



کوژرانی ئەو ژنە خەڵك بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین هاتنە شەقامەکان‌و هێلی‌کوپتێرێکی ئیسرائیلیش ڕاست لەو کاتەدا بە مووشەك لە خەڵکەکەی داو ئەو کارەساتەی خوڵقاند.

سایت: B.B.C (٢٠٠٢/١٠/٧)


بەرەبەیانی ڕۆژی دووشەممە ٧ی ئوکتوبر، تانکەکانی ئەرتەشی ئیسرائیل بە پشتیوانیی هیلی‌کوپتێر هێرشیان بردە سەر شاری فەلەستینیی "خان یوونس"و ئوردووگایەکی ئاوارە فەلەستینی‌یەکان لە باریکەی غەززە. بە گوتەی پزیشکانی ئەو شارە، لە ئاکامی ئەو هێرشەدا، ١٢ فەلەستینی کوژران‌و ٧٠ کەسیش بریندار بوون.

بە پێی هێندێك سەرچاوە، هێرشی ئەرتەشی ئیسرائیل بۆ سەر خان یوونس بەمەبەستی گرتنی کەسێك کە دەستی لە کردەوە خۆکوژی‌یەکاندا هەبووە، بەڕێوە چوو. لە کاتی تەقەکردنی هێزەکانی ئیسرائیلی، ئەو کەسە گومانلێکراوە ڕزگاری بوو، بەڵام دایکی کوژرا. بە دوای

## لەم ژمارەیەدا

چەند پەیام بە بۆنەی ١٠ ساڵەی تیرۆری دوکتور شەرەفکەندی‌یەوە ٤
لەبارەی لایەحەی ڕوونکردنەوەی دەسەڵاتی سەرکۆمارەوە ٨
کرانەوەی قوتابخانەکان لە نیزامی داتەپیوی پەروەردەیی ئێراندا ٨
"هەموو شتێك بۆ جەبهەو هەموو ئیمکانێك بۆ سەنگەر" ٩
ئایا سوپای پاسداران دەتوانێ تا سەر پارێزەری کۆماری ئیسلامی بێ؟ ١٠
ڕاپۆرت‌و هەواڵە وەرزشی‌یەکان ١١

# چەند بەشیك لە وتاری هاوریی تیکۆشەر عەبدوللا حەسەنزادە سکرتیری گشتیی حیزب



**لە ریورەسمی دە سالەی شەهیدبوونی دوکتور سەعید و هاورییانیدا کە لە شاری ستوکهۆلم بەریوە چوو:**

**هونەری ریبەران هەر ئەوە نیە کە تا ماون نەخشیان هەبێ. ریبەرانی لیوەشاوە هونەرەکەیان لەوە دایە کە وا دەکەن، قوتابییەکانیان، رەفیقەکانیانو هاوسەنگەرەکانیان دوای خۆشیان ریگاکەیان دریژە بدەن.**

**دۆستانی خۆشەویست! میوانە بەڕێزەکان! شەخسییەتە سیاسیو دانیشگاهیو عیلمییەکانی کورد!**

بە نۆرەی خۆم زۆر سپاستان دەکەم کە بۆ ڕێزگرتن لە یادو خەباتو تێکۆشانی ڕێبەری لەدەستچووی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، دوکتور سادق شەرەفکەندیو هاوڕێیانی کاك فەتتاح عەبدولی، کاك هومایوون ئەردەڵانو کاك نووری دێهکوردی، دۆستی لەمێژینەی حیزبی دێموکراتو ئەندامێکی چالاکی ئۆپوزیسیۆنی ئێراندا، زەحمەتتان کێشاوەو لە ڕێی دوورو نزیکەوە تەشریفتان هێناوە.

**بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزب پاشان بە زمانی فارسی بەخێرهاتنی بەو بەشە لە کەسایەتیو نوێنەرانی حیزبو ڕێکخراوە سیاسییە ئێرانییەکان گوت کە لەو ڕێوڕەسمەدا بەشدار بوون. دوایەش وتارەکەی بەم چەشنە درێژە پێدا:**

لێرە کۆ بووینەوە بۆ ڕێزگرتن لە یادی دوکتور سادق شەرەفکەندیو هاوڕێیانی. نە بۆ تازیە کۆ بووینەوەو نە بۆ ڕۆژێکی خۆش. ئەو ڕۆژانە ڕۆژانێکن کە ئێمە بە ئاوات دەخوازین قەت لە ژیانی هیچ حیزبێکی تێکۆشەرو خەباتگێرو هیچ میللەتێکی ئازادیخوازدا تیکرار نەبنەوە.

دە ساڵ لەوە پێش حادیسەی تیرۆری ئەو ئازادیخوازە ئازیزانە ڕووی دا. ئەم حادیسەیە بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران یەکجار گران بوو، هەم لەبەر ئەوەی سەرکردەیەکی لێوەشاوەو بە توانامان لەدەست چوو، هەم لەبەر ئەوەی کە دووهەمین تیرۆرو کارەساتی لەو بابەتە لە ماوەی سێ ساڵو دوو مانگ شتێك زیاتردا بوو. ئەوە لە واقیعدا بێجگە لە قورسایی حادیسەکە، ئەو قورساییەشی دەخستە سەر ئێمە کە ئێمە دەرسمان لە ڕابردوو وەرنەگرتووەو ئەو ئەهەمییەتەی کە پێویستە بیدەین بە گیانی ریبەرانی زیندوومان بۆ ئەوەی عیبرەت لە شەهیدبوونی ریبەرانی شەهیدمان وەربگرین، ئەو گرنگییەمان نەداوە.

بۆیە لەو ناحیەیەوە تیرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی زۆر لە تیرۆری دوکتور قاسملو بەژانتر بوو. دیارە ئەوە شانازییەکی گەورەیە کە حیزبی دیموکراتی کوردستان وەکوو حیزبێکی تێکۆشەری ڕێگای ئازادی تەنیا ئەندامەکانی خوارەوەی ناچنە بن سێدارەو لە بەرامبەر گوللەی دوژمندا سینگیان دابێژ دابێژ نابێ. بەڵکوو ڕێبەرەکانی، کادرە پێشکەوتووەکانیو لە سەرووی هەمووانەوە ڕێبەرانی پلە یەکی شەهید دەبن. ئێمە لە تاریخی ٥٧ ساڵەی حیزبدا ئەگەر دە ساڵیشی لێ دەر بکەین، لە مێژووی ٤٧ ساڵەی حیزبدا [١٣٢٤ ـ ١٣٧١] سێ ڕێبەری پایەبەرزی حیزبی دێموکراتمان لە ڕێگای ئازادیدا کردۆتە قوربانی. ئەوە ئیفتیخارێکی گەورەیە، بەڵام با بە سەراحەت بڵێم ئیفتیخارێکە کە دەبێ قەت ئارەزوو نەکەین تیکرار بێتەوە. ئێمە ئەوەندەی بۆمان بکرێ دەبێ هەموو هەوڵی خۆمان بدەین کە جارێکی دیکە ئیفتیخاری ئاوامان بە نسیب نەبێ. چونکە لەگەڵ ئەوەی کە خوینی ریبەرانی حیزب رەنگینتر نیە، دوژمن بەم جۆرە سەرکەوتنانە لە خۆبایی دەبێو تیکۆشەری ریگای ئازادییش دەبێ هەوڵ بدا هیچ وەخیتیك پیکەنینی سەرکەوتن نەکەویتە سەر لیوی دوژمنانی.

دوکتور سادقی شەرەفکەندی ریبەریکی بەتوانا بوو، هیندیك تایبەتمەندیی تیدا بوون کە بەراستی بۆ یەك ئینسانی ریبەر پیویستن. پیش هەموو شتیك ئینسانیکی بە حەددی ئەعلا زیرەك بوو، بەهۆش بوو، لەبەر ئەوەی نیەی مردووە، لە حالی حەیاتیشدا گوتومە: ئەمن لە ژیانی خۆمدا لە نیو حیزبی دیموکراتو لە نیو جامیعەی کوردەواریدا ئەگەر نەلیم تەنیا کەسیك بووە، یەکیك لە چەند کەس بووە کە دیتوومن ئەوەندە بەهۆش بوون. پاشان لە کاری خۆیدا ئینسانیك بوو یەکجار مودیرو بە بەرنامە. ئەگەر بلیم کەسی دیکە نەبوو لە نیو حیزبی دیموکراتدا کارەکانی وا بەبەرنامە بێ، رەنگە خاتریم نەگرتبێو موبالەغەم تیدا نەکردبێ. خەسلەتیکی دیکەی ئەوە بوو هەم لە باری شەخسییەوە، هەم لەباری سیاسییەوە، ئینسانیکی بەئیقدام بوو، ئازا بوو، نەترس بوو، لە دانی بریاری گەورە گەورە نەدەترسا. ئەوە بۆ ئینسانیکی ریبەر یەکجار موهیمە.

باوەریکی قوولی بە دیموکراسی هەبوو، باوەریکی قوولی بە دوو پیوەندیی زەروور بۆ حیزبی دیموکراتو بۆ ریبەرانی میللەتی کورد هەبوو. یەکیان پیوەندی لەگەڵ گەلانی ئیرانو ریکخراوە سیاسییەکانی ئیرانی، چ سەرتاسەری چ ناوچەیی. ئەوی دیکەیان پیوەندی لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستاندا بوو. بۆ وی هیچ گران نەبوو کە لە پیناوی مەنافیعی میللەتی کورد لەبەشەکانی دیکەی کوردستاندا یا لە پیناوی هاوکاریو هاوخەباتی لەگەڵ بەشەکانی دیکەی ئیرانو ریکخراوە سیاسییەکانی دیکەی ئیرانیدا لە مەنافیعی حیزبی دیموکراتی کوردستان چاو بپۆشێ. کەوابوو مەرگی ئەو جۆرە کەسانە بۆ حیزبیك یەکجار گرانو دلتەزینە.

بەڵام هونەری ریبەران هەر ئەوە نیە کە تا ماون نەخشیان هەبێ. ریبەرانی لیوەشاوە هونەرەکەیان لەوە دایە کە وا دەکەن، قوتابییەکانیان، رەفیقەکانیانو هاوسەنگەرەکانیان دوای خۆشیان ریگاکەیان دریژە بدەن. بەتایبەت لەو پیوەندییەدا هەرسیك ریبەری شەهیدمان قسەیان کردووەو دەرسی زۆر بەنرخیان بۆ بەجێ هیشتووین.

پیشەوا قازی محەممەد لە دوا ساتەکانی ژیانیدا دەلێ: "ئیوە بە ئیعدامی من قازی محەممەدیك دەکوژن، بەڵام لە ئایەندەدا هەر کوردیك بۆخۆی قازی محەممەدیك دەبێ." ئەویش دەزانێو ئیمەش دەزانین قازی محەممەد[ەکان ] ئاسان هەڵناکەون. بەڵام دەیهەوێ پیمان بلێ کە بە ئیرادە ئیوەش دەتوانن قازی محەممەد بن، ئیوە دەتوانن ریی قازی محەممەد بگرنە بەر تا جیی قازی محەممەد بەتاڵ نەبێ. جوملە مەشهوورەکەی دوکتور قاسملو تەقریبەن لە هەموو جێیەك هەیە کە دەلێ: "تەنیا پاداش بۆ شەهیدان، دریژەدانی ریگایانە".

دوکتور سەعیدیش لەو بارەیەوە لە تەشییع جەنازەیەکی رەمزیدا کە لە کوردستان بۆ دوکتور قاسملوومان کرد، خیتاب بە دوکتور قاسملو دەلێ: "ئەتۆ ریبەرمان بووی، مامۆستامان بووی، بەلینت پێ دەدەین کە ئیمە بە ریگاکەت دا دەرۆین. یان لەو ریگایەدا سەردەکەوین یان ئەو شانازییەمان بە نسیب دەبێ کە ئیمەش لەو ریگایەدا بەسەر بەرزییەوە سەر دابنیین، بیینە کن تۆو ئەتۆ لە باوەش بگرین." زۆر کەس عەهدی خۆیان بردۆتە سەرێ، بەڵام کەس ئەو عەهدەی وا بە جوانی نەبردۆتە سەرێ. بەلێ راست هاتو لە پەنای دوکتور قاسملوو نووست. ئەو دوکتور قاسملووی بە عەمەل لەباوەش گرت.

ئەگەر دوکتور قاسملو لە پیناوی هەدەفیکدا شەهید بوو، دیارە داوی بۆ نرایەوە بە ناوی ئاشتی. ئەو ئاشتییەی دوکتور قاسملوو بە دوایدا دەگەرا، نە بۆ خۆی بوو، نە بۆ حیزبی دیموکرات بوو، نە تەنانەت بۆ کوردی ئیران بوو. ئەو رۆژانە وەبیر بیننەوە کە میللەتی کورد لە میحنەتیکی سەرتاسەریدا دەژیا. دوکتور قاسملوو لەو باوەرەدا بوو کە دەبێ وا بکەین کورد پەنایەکی هەبێ. ئەگەر تا ئیستا ئەو پەنایە مەسەلەن لە کوردستانی عیراق بووە، با ئیستا لە کوردستانی ئیران بێ. دوکتور سەعیدیش لە پیناوی ئامانجیکی بەرزی دیکەدا گیانی لەدەست دا. ئەویش پیوەندی لەگەڵ گەلانی دیکەی ئیرانێ، هاوخەباتی لەگەڵ سازمانەکانی دیکەی ئیران (کە وەکوو پیاویکی گەورەی سیاسی گوتوویەتی تا ئەو وەختەی چەند میللەت لە ولاتیکدا دەژین بە هەزاران مەودای مەرئیو نامەرئی پیکەوە بەستراون.) ئەویش لەو وەختەیدا بوو کە بەداخەوە دوژمن زەفەری پێبردو تیرۆری کرد. ئیمە ئەو دەرسانە بەکار دەبەین بۆیە لەگەڵ ئەوەی پرکردنەوەی کەلینی ئەو گەورە پیاوانە زۆر بە زەحمەتە، بەڵام بە بەکار بردنی دەرسەکانیانو گرتنە پیشی ریگاکەیان توانیومانە ئەو کەلینە گەورەیە پر بکەینەوە. ئەگینا ئەگەر دوژمن لە تیرۆری دوکتور قاسملوودا لە عالەمی خۆیدا، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیرانی گوللەباران کرد، تیربارانی کرد بۆوەی حیزبی دیموکرات نەمینێ. بە تیرۆری دوکتور شەرەفکەندی تیری خەلاسی لە حیزبی دیموکراتدا. چونکە ئەوان پییان وابوو ئەوە دوکتور شەرەفکەندییە توانیویەتی جیگای دوکتور قاسملوو بگریتەوەو نەهیلێ ئالای حیزبی دیموکرات بکەوێ، ئەگەر ئەویش بکوژن خەیالیان لە بەقەولی خۆیان "شەری حیزبی دیموکرات" ئەمن دەبێ. بەڵام پشتیوانیی بیدریغی میللەتی کورد، ئازایەتیو قارەمانەتیی ئەندامانو کادرەکانو پیشمەرگەکانی حیزبو ئیرادەی پتەوی رەفیقەکانو شاگردەکانی ئەو دوو ریبەرە شەهیدە وایان کرد کە بە هەموویان ئەو کەلینانە پر بکەنەوە.

**سکرتیری گشتیی حیزب پاشان چووە سەر باسی لیکۆلینەوەکانی پولیسو دەزگای قەزایی ئالمان. لەو پیوەندییەدا دوای باس کردن لە شیلگیریو ئەرکناسیو ئازایەتیی وەکیلەکان، قازییەکانو هاوکاریی زۆر لە هاونیشتمانانی کوردو غەیرە کوردو هەروەها غەیرە ئیرانییەکان لە روونکردنەوەی راستییەکاندا و دەربرینی سوپاسو پیزانینی دووبارەی خۆیو حیزبەکەی بەرامبەر بەوان لە گرنگیی حوکمی میژوویی دادگای میکونووس دواو گوتی:**

"ئەهەمییەتی ئەو حوکمە لەوەدا بوو کە دەزگای ریبەریی ئیرانی لە سەتحی هەرە سەرەوەدا بە تاوانبار لە قەتلی دوکتور سادق شەرفکەندیو هاورییانیدا ناساند." **لە دریژەی ئەو بەشە لە قسەکانیدا بەریز سکرتیری گشتیی حیزب گوتی:** "بەڵام شتیکی جیگای داخ بوو کە بەداخەوە بەشیك لە دەولەتانو لەوانە هەر خودی ئالمان زۆر کەم تەوەججۆهیان بە نەتایجی ئەو حوکمە کرد. راستە لە ئەوەلەوە دژکردەوەیەکی باشیان لە خۆیان نیشان داو دەولەتانی ئەندامی یەکیەتیی ئورووپا هەموویان سەفیرەکانیان لە ئیران بانگ کردەوە، بەڵام ماوەیەکی زۆری پیوە نەخایاند کە هەموویان بە شیوەیەك کە هیچ لایەق نەبوو بە عەزەمەتی ولاتانی یەکیەتیی ئورووپا، گەرانەوە بۆ تارانێ." **بەریز ماموستا پاشان چووە سەر بیانووی ولاتانی ئورووپایی بۆ چاوپۆشیيان لە کردەوەکانی ریژیمی ئیران:**

←

## دریژەی راپۆرتی ریورەسمی ١٠ سالە لە سوئید

چەند پەیامیکی دیکەش بۆ ئەو ریورەسمە هاتبوون کە بریتی بوون لە:

١ـ پەیامی "ئانالیند" وەزیری کاروباری دەرەوەی ولاتی سوئید

٢ـ پەیامی پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق ـ سوئید

٣ـ پەیامی کۆمەلەی شۆرشگیری زەحمەتکیشانی کوردستانی ئیران (کۆمەلە) ـ سوئید

٤ـ پەیامی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان

٥ـ پەیامی لیژنەی تەنسیق

٦ـ پەیامی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئیران ـ سوئید

٧ـ پەیامی یەکیەتیی کوردان ـ سوئید

٨ـ پەیامی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانی ئیران ـ سوئید

٩ـ پەیامی دەستەی بەریوەبەریی ریکخراوی کریکارانی شۆرشگیری ئیران (ریگای کریکار)

١٠ـ ریکخراوی بەرگری لە مافی نەتەوەیی خەلکی تورکمەن

١١ـ حیزبی توودەی ئیران ـ سوئید

بە دوای خویندوەی پەیامەکاندا فیلمیکی دۆکۆمینت لەسەر تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامیی ئیرانو بە تایبەت تیرۆری شەهیدانی بیرلین پیشان درا کە ماوەی نیوکاتژمیر خایاند.

لە بەشیکی دیکەی ئەو ریورەسمەدا میزگردیکی سیاسیی یەك سەعاتو نیوە بە بەشداریی بەریزان: دوکتور مەحموود عوسمان، دوکتور گولمراد مورادیو دوکتور بورهان یاسین بەریوە چوو. لەو میزگردەدا باس لە تیرۆریزم بەتایبەت تیرۆریزمی دەولەتیو وەزعی کوردو کوردستان دوای کارەساتی ١١ی سیپتامبری ٢٠٠١ کرا.

دوا بەشی بەرنامەکە نیشاندانی شانۆیەك بوو کە لە لایەن دوو هاوریی حیزبییەوە بەریوەچوو.

هەروەها هونەرمەندان کاك ناسر رەزازیو کاك فەریبورزی کەریمییش بە خویندنەوەی سروودو ژەنینی موسیقا بەشداری ریورەسمەکە بوون.

کۆرەکە بە سروودی "ئەی شەهیدان" کە لە لایەن کۆری هونەریی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئیران لە سوئید پیشکەش کرا، کاتژمیر ٨ی ئیوارە کۆتایی پێهات.

ﮋﮋﮋ

# برووخێ رێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران

## ئاکامەکانی هەڵبژاردنی پارلمانی لە ئالمان

ڕۆژی ٢٢ی سیپتامبری ٢٠٠٢، هەڵبژاردنی پارلمانی لە ئالمان بەریوە چوو. حیزبی سوسیال دیموکرات (SPD) ٣٨/٥٪، حیزبی دیموکرات مەسیحی و سوسیال مەسیحی کە بە یەکەوە ناوی "یەکیەتی"یان لەسەرە ٣٨/٥٪، حیزبی سەوزەکان ٨/٦٪ و حیزبی لیبرال (FDP) ٧/٤٪ دەنگەکانیان هینایەوە.

حیزبی سوسیال دیموکرات لەگەڵ ئەوەشدا کە بە بەراورد لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی چوار ساڵ لەمەوبەردا، ٢/٤٪ی کەمتر دەنگ هیناوەتەوە، دیسانیش بەهیزترین فراکسیۆنی پارلمانی ئالمان (بوندستاگ) پیك دینێو هۆیەکەشی ئەوەیە کە ئەو حیزبە چوار کورسیی راستەوخۆ بردۆتەوە بەڵام حیزبەکانی دیموکرات مەسیحیو سوسیال مەسیحی تەنیا یەك کورسیی راستەوخۆیان بردۆتەوە. بە پیی هەڵبژاردنەکان لە چوار سالی داهاتووشدا ئیئتلافی نیوان SPDو سەوزەکان واتە ئیئتلافی سوورو سەوز دەولەتی بەدەستەوە دەبێ.

هاوریی بەریز مامۆستا عەبدوللا حەسەنزادە سکرتیری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران بە بۆنەی ئاکامی هەڵبژاردنەکانو بەدەستەوە گرتنی سەر لەنویی دەسەڵات لە لایەن دوو حیزبی دۆست: SPDو سەوزەکان دوو پەیامی پیرۆزبایی بۆ بەرێ کردن. دەقی پەیامەکان بەم جۆرە بوون:

## پەیامی پیرۆزبایی سکرتیری گشتیی حیزب بۆحیزبەکانی سوسیال دیمۆکراتو سەوزەکانی ئالمان

¤ ¤ ¤

**ریبەرایەتیی بەریزی حیزبی سوسیال دیموکراتی ئالمان!**

**دۆستانی خۆشەویست!**

لە هەڵبژاردنەکانی پارلمانی (٢٠٠٢/٩/٢٢)دا حیزبی سوسیال دیموکرات وەك بەهیزترین فراکسیۆن دەرچووو لە لایەن دەنگدەرانەوە سەر لەنوێ ئەرکی پیکهینانی دەولەتی پێ ئەسپیردراوە.

بە ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیرانەوە بەبۆنەی ئەو سەرکەوتنەوە پر بەدڵ پیرۆزبایتان لێ دەکەم. بەو هیوایە کە ئالمان بە ریبەرایەتی "صدر اعظم" گیرهارد شرۆیدەر لە داهاتوودا زیاتر بۆ دابین کردنی ئاشتیو ئازادی لە جیهانداو بۆ دابین کردنی مافە رەواکانی گەلانی زۆرلیکراو، لەوانە گەلی کورد، تێبکۆشێ.

**سلاوی دۆستانەتان بۆ دەنیرم.**

**عەبدوللا حەسەنزادە**

**سکرتیری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران**

**ریبەرایەتیی بەریزی حیزبی سەوزەکانی ئالمان!**

**دۆستانی خۆشەویست!**

حیزبەکەتان لە هەڵبژاردنەکانی پارلمان (٢٠٠٢/٩/٢٢)دا سەرکەوتنیکی زۆر گەورەی بەدەست هیناوە. بەو بۆنەیەوە لە لایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیرانەوە لە دلەوە پیرۆزباییتان لێ دەکەمو سەرکەوتنی زیاترتان بۆ بەئاوات دەخوازم.

هیوادارم حیزبی بەهیزبووتان لە داهاتووشدا بۆ ئاشتیو ئازادیی جیهانیو مافە رەواکانی گەلی کورد تێبکۆشێ.

**لەگەڵ سلاوی دۆستانە**

**عەبدوللا حەسەنزادە**

**سکرتیری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران**

**٢٠٠٢/٩/٢٣**

# دریژەی وتاری سکرتیری گشتیی حیزب

بیانووی ئەو هاوکارییانەو تەوجیهی ئەو هاوکارییانەو ئەو نزیکییەیانو چاوپۆشی لەو هەموو جۆرمو جینایەتە کە جمهووریی ئیسلامی لە پاش حوکمی دادگای میکونووس کردوونی، ئەوەیە کە گۆیا لە ئیران عیددەیەك پەیدا بوون کە ئیسلاحتەلەبنو دەبێ ئیسلاحتەلەبان تەقویەت بکرین. لەوە گەریین کە لە جێدا ئەو وەختەش کە دوو قۆلی ریژیم لە بەرابەر یەكدا راوەستابوو، ئەو ئیمتیازاتە کە وڵاتانی سەرمایەداری، وڵاتانی پیشکەوتووی دونیایە دەیاندان بە جمهووریی ئیسلامی، زیاتر جێ پێو مەقیعییەتی پاوانخوازەکانی بە قەوەت دەکرد نەك هی ئیسلاحتەلەبان، بەڵام ئیستا وانیە نەزانن، هەموو دنیا دەزانێ کە ئیسلاحتەلەبی عومری دریژی داوە بە ئیوە. ئیسلاحتەلەبی دەولەتی نەماوە. ئاغای خاتەمی مۆرەیەکی زەلیلە لەبەر دەستی پاوانخوازەکانداو لە واقیعدا وەکوو وەسیلەیەك بەکاری دینن. رەنگە زۆر کەس ئەوە بزانێ کە لە دەوری دووهەمی ئینتخاباتدا، خاتەمی لە تەرەف ئاغای خامەنەییەوە مەجبوور کرابوو مەسئولییەت وەربگریتەوە، چونکە لەوی باشتریان وەدەست نەدەکەوت کە هەم دونیای دەرەوەیان بۆ رازی بکا، هەم هیندیك خەلکی لە نیوخۆدا بۆ لای جمهووریی ئیسلامی رابکیشێ.

کەوابێ ئیسلاحاتی دەولەتی تەواو بووە. خاتەمی گەیشتۆتە خەتی ئاخر. ئەوە شتیکە کە رفیقەکانی خۆی، هاوجەناحەکانیشی دەیلێن. باس لە ئیستعفای وی دەکەن، شوعاری عوبوور لە خاتەمی دیننە گۆرێ. شوعاری وا کە خاتەمی پییان رازی نیە وەکوو ریفراندۆم، وەکوو بردنە ژیر پرسیاری قانوونی ئەساسی، بردنە ژیر پرسیاری ویلایەتی فەقیهـ و زۆر شتی دیکە. بەڵام ئەگەر ئەو ئیسلاحاتە تەواو بووە، ئەگەر ئەوە بە بونبەست گەیشتوە، ئیسلاحاتی خەلکی لە جیی خۆیەتی. ئەمن نالیم ئیسلاحات دەلیم شۆرشی خەلك لە جیی خۆیەتی. نەك هەر لە جیی خۆیەتی، ئیستا حەرەکەتی خەلك بە بەرچاو روونییەکی دیکە دەچیتە پیش. ئیمە دەزانین ئومید بەستن بەمو بەو لە نیو حاکمییەتدا ناگاتە هیچ جێیەك. بۆیە دەبێ هەموومان دەگەڵ هەموو حاکمییەتی جمهووری ئیسلامی تەرەف بین. خەلك ئیستا ئیدی تێگەیشتوون کە لە چوارچیوەی قانوونی جمهووریی ئیسلامیو لە چوارچیوەی ئەسلی ویلایەتی فەقیهیدا مومکین نیە ئازادیو دیمۆکراسی جیگایەکیان هەبێ. شتیکی زۆر سادەیە، وەختیك

**ئیمە دەزانین ئومید بەستن بەمو بەو لە نیوحاکمییەتدا ناگاتە هیچ جێیەك. بۆیە دەبێ هەموومان دەگەڵ هەموو حاکمییەتی جمهووری ئیسلامی تەرەف بین. خەلك ئیستا ئیدی تێگەیشتوون کە لە چوارچیوەی قانوونی جمهووریی ئیسلامیو لە چوارچیوەی ئەسلی ویلایەتی فەقیهیدا مومکین نیە ئازادیو دیمۆکراسی جیگایەکیان هەبێ.**

قانوون ئیددیعا دەکا کە وەلی فەقیهـ نوینەری خودایە، بەندەی زەلیلیش لە موقابیل خودای دا هیچ نیە، باشە دیمۆکراسی چیە؟! چ قسەیەکی هەیە؟ هەر بە پیی قانوون ئەگەر هەموو خەلکی ئیران قسەیەك بکاو ئاغای خامەنەیی قسەیەك بکا، دەبێ قسەی خامەنەیی وەپیش کەوێو عەمەلی پێبکرێ چونکە قسەی خودایە. بۆیە ئیستا خەلك لە تەوەهووم هاتوونەتە دەرێ. ئیمە لەگەڵ ئەم حەرەکەتەین، لەگەڵ ئەو ئیسلاحاتەین. لەگەڵ ئەو شۆرشە کۆمەڵایەتییەین کە لە ئیرانێ خەریکە پێدەگرێو لە میژیشە نوتفەی گووراوەو خەریکە پەرە دەستینێ. ئیستا نامەوێ موبالەغە بکەم یان ئومیدی واهی بدەم کە سبەینێ، دوسبەی، مانگیکی دیکە یان دوو مانگی دیکە ئەوە سەردەکەوێ. رەنگە ئەوە پرۆسەیەکی دریژخایەن بێ، چەندین ساڵ بگرێ. ساڵو زەمان لە عومری ئینساندا زۆرن، بەڵام لە تاریخی میللەتاندا ساڵو زەمان ئەوەندە ماوەیەکی دریژ نین.

بەڵام هاورێیان! لەو شۆرشەدا کە لە وڵاتی ئیمەدا هەیە ئیمە نەخشیکی گەورەترو ئەرکیکی گەورەترمان لە سەرشانە. هەم وەك بەشیك لە ئۆپۆزیسیۆنی سەراسەری، (خۆ ئۆپۆزیسیۆنی سەراسەری هەر ئەوانە نین کە سازمانی سەراسەرین، سازمانیکی مەنتەقەییش هەر بەشیکە لە ئۆپۆزیسیۆنی سەراسەری. ئیمە وەکوو نوینەری بەشیکی عومدە لە خەلکی ئیران کە خەلکی کوردستان بێ کە موبالەغە ناکەم، بۆ دڵ خۆشکردنیش وا نالیم، خەلکی بەشەکانی دیکەی ئیرانیش، سازمانە سیاسییەکانی دیکەی ئیرانیش بە حورمەتەوەو بە چاوی هیواوە دەروانە موبارزاتی خەلکی کوردستان. بە دەرەجەی یەکەم. بە دەرەجەی دووهەمیش حیزبی دیمۆکراتی کوردستان) هەم وەك حیزبی پیشرەوی خەلکی کوردستان کە رابردوویەکی پرشانازییان لە خەبات بۆ ئازادیو دیمۆکراسی دا هەیە.

بۆ سەرکەوتن لە بەجێ هینانی ئەو ئەرکەدا ئیمە پیمان وایە دەبێ لە چەند بواردا پشتیندەکانمان توند کەین، ئیقداماتیکی زیاتر بە خەرج بدەین. پیش هەموو شتیك پتەوکردنی ریزەکانی حیزبی دیمۆکرات. ئەوە شەرتی ئەساسییە. چونکە کەس نیە شکی لەوەدا هەبێ کە ئەکسەرییەتی خەلکی کوردستانی ئیران (ئەو ئەکسەرییەتە با یەکیك بلێ ٥٥٪، یەکیکی دیکە بلێ ٧٥٪، یەکیك بلێ نیسبەتیکی دیکە لە سەد، فەرق ناکا. هەموو کەس لەوەدا موتتەفیقە کە ئەکسەرییەتی جامعەی کوردستان لە دەوروبەری حیزبی دیمۆکراتە) پاڵ وەحیزبی دیمۆکرات دەدا ئەگەر ریزەکانی ئەو حیزبە بە یەکگرتوویی ببینێ، کە میکانیزمی ئەم حیزبە بە فەعالی ببینێ. کەوابێ ئەمرۆ ئەرکمان بەهیزکردنی یەکیەتی ریزەکانی حیزبە، کە بە خۆشییەوە بەهیزە. گەورە کردنەوەی هیندیك ئیحتیمالەن ئیختلافی سەلیقە لە نیو حیزبدا، گەورەکردنەوەی کەلینیك کە رەنگە لە بەینی رەفیقیكو رەفیقیکی دیکەدا هەبێ، بە کورتی هەر شتیك لە ژیر هەر بیانوویەکدا، لە ژیر هەر چەتریكو هەر پۆششیکدا کە چووکترین زەربە بە ریزەکانی حیزبی دیمۆکرات بگەیەنێ، گەورەترین زەربە لە مەنافیعی میللەتی کوردو لەویش بەولاوەتر لە مەنافیعی حەرەکەتی ئازادیخوازانە لە سەرتاسەری ئیراندا دەوەشینێ. پاش ئەو مەرحەلەیە مەرحەلەی پیوەندیی ئیمەو خەلکی کوردستانی ئیران دەست پێدەکا. ئیمە هەر ئیستا بە هەموو شانازییەوە دەلیم باشترین جۆری پیوەندیی ئەو ساڵانەی ئەخیرمان لەگەڵ کۆمەڵانی خەلکی کوردستان هەیە. خۆزگە ئیوە کە لە ئورووپا دانیشتوون گۆشەیەك لەو پیشوازییەتان دیتبایە کە خەلکی کوردستانی ئیران لە ٢٥ی گەلاویژی ئەمساڵ، سالرۆژی دامەزرانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئیرانیان کرد. پیاوەکانی ئیتلاعات لە ماکۆیەرا تا ئیلامێ زەللە ببوون بە دەست تیکۆشەرانی حیزبەوە. وەختە بلیم لە سەر پشتی پاسدارەکانی ئیتلاعاتییش هەر ئاوری ٢٥ی گەلاویژ داییسا. ئەوە نیشانەی حیمایەتی بێدریغی خەلکە لە ئیمە. ئەگەر رۆژیك لە رۆژان بەوەندە رازی بین، بروام ئەوەیە دەبێ فاتیحامان بخویندرێ، ئیمە هیچ سەرمایەیەکمان نیە، هیچ سەرچاوەیەکی هیزو قودرەتمان نیە غەیری کۆمەڵانی خەلکی کوردستان، کە ئیمە نابێ چاومان لەوە تیر بێ. قەت لەوە ماندوو نەبین کە هەوڵ بدەین ئەو پیوەندییە بەهیزتر بێ.

پاشان لە کوردستان هەر ئیمە نازین، ریکخراوی سیاسیی دیکەش هەن. دەگەڵ ئەوانیش لیك نیزیك بین. هەوڵ بدەین کە بەرنامەی موشتەرەکی موبارزاتیمان هەبێ. تا ئەو جیگایەی مومکینەو چەند بکرێ زیاتر، تەنانەت بەرنامەمان هەبێ بۆ دوارۆژی کوردستان. بۆ ئەو وەختەی گۆرانیك پیك دێ، ریژیم دەرووخێ یان لە چوارچیوەی ریژیمدا ئالوگۆر پیك دێ، هەرچی دەبێ، دەبێ بەرنامەمان بۆی هەبێ. لەو بارەیەوە حیزبی دیمۆکرات بەرنامەی هەیە. تەرحو پرۆژەی هەیە. لەگەڵ سازمانەکانی دیکە باسی کردوە، لە سەری دەدوێو لە سەری دەروا. جاریکی دیکەش هەر لەو ستۆکهۆلمە ئەمن عەرزم کردن ئیمە هیچ شەرتیکمان نیە بۆ هیزە سیاسییەکانی کوردستان، هیچ کەسیش حەزف ناکەین، داوای رەهبەرییش ناکەین. رەهبەرییش خەلك هەلی دەبژیرێ. تەنیا شەرتمان ئەوەیە کە هەموومان بە حوکمی خەلك رازی بین. لە ئەوەلین فورسەتدا ئیمە موراجەعە بە ئەفکاری خەلکی بکەین، خەلك چی ویست ئیتاعەتی لیبکەین. تا ئەورۆ حیزبی دیمۆکرات هەمیشە ئەکسەرییەتی هەبووە. بەڵام حیزبی دیمۆکرات بەوە دیمۆکرات نیە کە ئەگەر ئەکسەرییەت بوو پەیرەوەی لە رەئیی خەلکی بکا. ئەو وەختەی دیمۆکراتە کە

**ئیمە هیچ شەرتیکمان نیە بۆ هیزە سیاسییەکانی کوردستان، هیچ کەسیش حەزف ناکەین، داوای رەهبەرییش ناکەین. رەهبەرییش خەلك هەلی دەبژیرێ. تەنیا شەرتمان ئەوەیە کە هەموومان بە حوکمی خەلك رازی بین. لە ئەوەلین فورسەتدا ئیمە موراجەعە بە ئەفکاری خەلکی بکەین، خەلك چی ویست ئیتاعەتی لیبکەین.**

ئەگەر ئەقەللییەت بوو سوژدە بۆ ئیرادەی خەلك بەرێ.

مەتلەبی موهیمی دیکە کە بۆ سەرکەوتنی خەباتەکەمان بە پیویستی دەزانین، پتەوتر کردنی پیوەندیمانە لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئیرانی بە سەرتاسەریو مەنتەقەییەوە، زۆرجار دیتراوەو هەر ئیمەش نەمان گوتوە، هەموو دەلین نوختەی قوەتی هەرە بەهیزی جمهووریی ئیسلامی لە چەكو چۆڵو ئیمکاناتیکدا نیە کە لە ئیختیاریدا هەیە. بەلکوو لەوە زیاتر لە پرشو بڵاویی هیزەکانی ئۆپۆزیسیۆن دایە. تا ئەو وەختە کە هیزەکانی ئۆپۆزیسیۆن لەو وەزعەدان، جمهووریی ئیسلامی دەتوانێ بە خەیالی راحەت لیی بنوێ. ئیمە پیمان وایە دەبێ هەموولا ئینیرژییەکی زیاتر دابنین بۆ وەی تەواوی هیزە دیمۆکراتەکان، ئەوانەی باوەریان بە ئازادیو دیمۆکراسی لە ئیراندا هەیە، باوەریان بە عەدالەتی کۆمەڵایەتی هەیە، بە حوقووقی بەشەر هەیە، یەك بگرنو بۆ گۆرینی وەزع لە ئیرانداو بۆ ئیدارەی ئیرانی ئایەندە تێبکۆشن. ئەوەش بۆیە دەلیم کە شوعار نەبێ. تەنیا یەکگرتن باش نیە، یەکگرتن دەبێ بزانین لەگەڵ کێو لە سەر چ هەدەفیك دەبێ. زۆر جارمان گوتوەو جاریکی دیکەش تیکراری دەکەینەوە، ئیمە ناتوانین لەگەڵ هیزیك هاوکاری بکەین یان یەك بگرین کە باوەری بە دیمۆکراسی نەبێ، یان باوەری بە دیمۆکراسی تا مەرحەلەی بە قودرەت گەیشتن هەبێ. یان باوەری بە هەقی میللەتی کورد هەبێ بەڵام باوەری بە هەقی میللەتی ئازەربایجان نەبێ! ئازەربایجانییەکانی ئیران دوو هیندی کوردەکانن، باشە چۆنە یەکیك باوەری بە هەقی کوردەکان هەیە بەڵام بە هەقی ئازەربایجانییەکان نیە. کەوابێ لە ئیددیعای خۆیدا سادق نیە. دیارە هەموو ئەوانەی باوەریان بە ئازادیو دیمۆکراسی هەیە، شیلگیرن، ئیمە بێ قەیدو شەرت ئامادەین هاوکارییان لەگەڵ بکەین، لیك نیزیك بینەوەو تەنانەت دەستیان بگرین. کۆمەگیان بکەین بۆ ئەوەی ئەوانیش پتر لە میللەتی خۆمان نیزیك بن.

مەوزوعیکی دیکە کە پیم خۆشە دیسان لیرەدا تەئکیدی لەسەر بکەمەوەو تازە نیە لە سیاسەتی حیزبی دیمۆکراتدا، بەڵام هیندیك شت هەموو جارێ دەبێ تەئکیدی لەسەر بکریتەوە، لە پیوەندی لەگەڵ کوردان لە بەشەکانی دیکەی کوردستان دایە. ئیمە شوعارمان مەعلوومە، داوای دیمۆکراسی بۆ ئیرانو خودموختاری بۆ کوردستان دەکەین (ئیستا باسی فیدرالیزمو خودموختاری ناکەین چونکە ئەوە باسیکی دیکەیە، لەو بارەیەوە هەر ئەوەندە دەلیم کە فیدرالیزم لە لای حیزبی دیمۆکرات قەت غەریب نەبووە. چەند حیزبی کوردستانی هەن کە ئیستا داوای فیدرالیزم دەکەن، حیزبی دیمۆکرات پیش دامەزرانی هەموویان، باسی فیدرالیزمی کردوە، وەك باشترین شیوە بۆ ئیدارەی ئیرانێ. لەبەر ئەوەی ئیران وڵاتیکی فرە نەتەوەیە) بەڵام هەر لەو کاتەدا قەت ئەو حەقیقەتەمان نەشاردۆتەوەو قەتیش نایشارینەوەو بە دەنگی بەرزیش دەلیین، ئیمە کوردستانی ئیران بە بەشیك لە کوردستان دەزانینو کوردی ئیرانیش بە بەشیك لە کورد دەزانین. نەك بە هەقی خۆمانی دەزانین بەلکوو بە وەزیفەی خۆمانی دەزانین کە حیمایەت لە خەباتی گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستان دا بکەین.

# چەند پەیام بۆ حیزبی دیمۆکرات بە بۆنەی ١٠ساڵەی تیرۆری دوکتۆر شەرەفکەندی‌یەوە

**پەیامی خانمی "ئوولا یەلپکە" ئەندامی پارلمان‌و وتەبێژی کاروباری نیوخۆیی فراکسیۆنی حیزبی سوسیالیزمی دیموکراتیك (SPD)**

بەڕیزان، دۆستانی خۆشەویست!

بە بۆنەی دەیەمین سالوەگەری تیرۆری سکرتیری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران سڵاوتان لێ‌دەکەم‌و هاوپیوەندیی خۆمتان لەگەڵ دەردەبرم. بەداخەوە بە هۆی هەلبژاردنی پارلمانی‌یەوە ناتوانم بۆ خۆم لە ریورەسمەکەتاندا بەشدار بم. لە بیرەوەریی قوربانی‌یەکان‌و لە خەمی تیرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی، فەتتاح عەبدولی، هومایوون ئەردەڵان‌و نووری دیهکوردی لە خەباتتاندا بۆ دامەزراندنی کۆماریکی دیموکراتیك لە ئیراندا سەرکەوتن‌و بەختەوەریتان بۆ بە ئاوات دەخوازم.

داخوازیی کوردەکان بۆ مافی بریاردانی چارەنووس، بەرەسمی ناسرانی هوویەتیان‌و چارەسەری‌یەکی سیاسی ـ دیموکراتیکی مەسەلەی کورد نە لە ئیران‌و نە لە وڵاتانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا هیشتا نەهاتۆتە دی.

دەسەڵاتدارەکانی ئیران، تورکیە، ئەمریکاو ئورووپا نایانەوێ بە شیوەیەکی سیاسی مەسەلەی کورد چارەسەر بکەن، دیموکراسی راستەقینەیان ناوێ‌و ریز لە مافی بریاردانی چارەنووس بۆ گەلی کورد ناگرن. خەباتی دنیای ڕۆژئاوا بە تایبەتی ئەمریکا، دژی هەرەشەکانی تیرۆریزم خەلك هەلخلەتینەرانەیەو رووی بەرەو دواوەیە. لە نیوخۆی وڵاتدا مافە بنەرەتی‌و مەدەنی‌یەکان بەرتەسك دەکرینەوەو مافەکانی مرۆڤ لە ژیر پێ دەنرین. لە خەبات دژی تیرۆریزمی نیونەتەوەیی لە پیناوی مەشرووعییەتدان بە شەرو لە خزمەتی دابینکردنی دەسەڵاتدارەتیی جیهانی بە شیوەی نوێ‌و بەرژەوەندی‌یە جوغرافیایی‌و سیاسی‌یەکان کەلکی لێ وەردەگرن.

بزووتنەوە چەپ‌و پیشکەوتنخوازەکان کە لە هەموو شوینیکی جیهاندا بۆ نەزمیکی جیهانیی عادڵانەی ئابووری، بۆ دیموکراسی‌و چارەسەر کردنی سیاسی کیشەکان خەبات دەکەن، رۆژ لەگەڵ رۆژ پتر وەلا دەنرین، بزووتنەوە رزگاریخوازەکان یەك نەفەس لەگەڵ ریکخراوە تیرۆریستی‌یەکان لەنیو دەبرین‌و دەخرینە بەر سەرکوت‌و راوەدوونانی توندوتیژترەوە.

ئەو خەباتە دژی تیرۆریزمە بەرتەسك کردنەوەی مافە سەرەکی‌و مەدەنی‌یەکان‌و تەنانەت شەر وەك کەرەسەی مەشرووع چاو لێ‌دەکەن یان تەنانەت قبووڵ دەکا، چارەسەری نیە.

ئەوەی ئازادی وەلا دەنێ بۆ ئەوەی ئەمنییەت بەدەست بینێ، سەرەنجام هەردووکیان لە دەست دەدا.

ریورەسمی بیرەوەریی ئیوە خۆپیشاندانیکی سیاسی‌و نیشانەی ئەوەیە کە ژن‌و پیاوی کورد لە ئیران خەبات بۆ وەدیهینانی داخوازە مەشرووعەکانیان بۆ سەربەستی‌و دیموکراسی دریژە پێ دەدەن. ئیوە، وەك رابردوو لە هاوپیوەندیی تەواوی خۆم‌و تەواوەتی حیزبی سوسیالیزمی دیموکراتیکی ئەلمان دلنیا دەکەم.

✧✧✧

**پەیامی‌خانمی "کلۆدیا رۆت" سەرۆکی حیزبی سەوزەکانی ئەلمان**

بەشدارانی بەریز، دۆستانی خۆشەویست!

ئیمە ئیستاش بە خەم‌و پەژارەوە رۆژی ١٧ سیپتامبری ١٩٩٢ وەبیر دینینەوە. رۆژیکی رەش بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران، رۆژیکی رەش بۆ کۆمەلگای فەرهەنگی ـ سیاسی لە ئیران، رۆژیکی رەش بۆ هەموو بزووتنەوەیەکی دیموکراتیك لە ئیران‌و سەرانسەری جیهان. بۆیە بە هۆی ئەو ریورەسمەوە بیرەوەریی ئەو رووداوە لە دلماندا زیندوو رادەگرین. عامیلانی تیرۆری دوکتور شەرەفکەندی، فەتتاح عەبدولی، هومایوون ئەردەڵان‌و نووری دیهکوردی‌و هەروەها دەستووردەرانی پشتی پەردەی ئەو تیرۆرە بە تەواوی روون بوونەتەوە.

هەر کەسیك تا رادەیەك شارەزای سیاسەتی ئیران‌و رووداوە سیاسی‌یەکان لە ئیراندا بووبێ، راستەوخۆ دوای جینایەتەکە گومانیکی بەجیی دەکرد کە دوایە "بەرەسمی"ش (لە لایەن دادگاوە) تەئیید کرا. واتە دەرکەوت دەزگای ئەمنییەتی ئیران بە ئاگاداریی بەرزترین ئورگانەکانی دەولەتی لە پشت تیرۆرەکەوە بوو. ئەو قەتلانە دەبێ لەپیوەندی لەگەڵ ئاکامی خویناوی یەك زنجیرە قەتڵ لە هەشتاکان‌و نەوەدەکان لە ژوورەوەو لە دەرەوە سەیر بکرێ.

کۆماری ئیسلامی هەتا ئەورۆش سەرەرای داوای چەند بارەی نە تەنیا ریکخراوە دیموکراتەکانی نیوخۆی ئیران، بەلکوو داوای زۆر وڵاتیش تەنانەت خۆی لە کەمترین هاوکاری بۆ روون بوونەوەی ئەو قەتلانە دزیوەتەوە.

ئەوە کە ریگای ئیران بەرەو دیموکراسیی سیاسی، کۆمەڵایەتی‌و ئابووری ریگایەکی سەخت‌و پر کەندو لەندە، بۆ هەمووان روونە. بەڵام دەسەڵاتدارانی ئیران بەوە کە ئیران لەرادەی نیونەتەوەییدا بەردەوام بەرەو تەسك بوون دەچێ، بە دەستی خۆیان کیشەکان ئالۆزتر دەکەن. ئەرکی هەموو لایەکمانە پیشگیری لەوە بکەین کە قاتڵ‌و جینایەتکاران‌و عامیلانی پشت سەری ئەوان بێ سزادان کاری خۆیان دریژە بدەن. تیرۆرو قەتلە زنجیرەیی‌یەکان ئامانجیکیان نەپیکا، ئەویش ئەوە کە ئوپۆزیسیۆنی دیموکراتیکی وڵات چاوترسین بکەن‌و داخوازە مەشرووعەکانیان ژیرپێ بخەن. داخوازی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران لە سەرەتای دامەزرانیەوە "دیموکراسی بۆ ئیران‌و خودموختاری بۆ کوردستان" بووەو ئیستاش تۆزقالیك لەراستی‌و رەوابوونی کەم نەبۆتەوەو پیوەندی مەنتیقی دوو بەشی ئەو داخوازە ئاشکرایە. تەنیا لە ئیرانیکی ئازادو دیموکراتدا ئیمکانی ئەوە پیك دێ کە زۆری پولیس‌و جیاوازیدانان نەمینن‌و شیوەی پیکەوەژیانی دیموکراتیك‌و ریز گرتن لە مافی مرۆڤ‌و کەمایەتی‌یەکان وەدی دین. ئەزموونی میژوویی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران لە رادەی نیونەتەوەیی‌داو سەلاحییەت‌و توانای لەو بوارەدا دەتوانێ بە هاوکاریی ریکخراوە دیموکرات‌و کۆمەڵایەتی‌یەکانی دیکەی ئیران ئەو سەرکەوتنە وەدی بینێ کە ژن‌و پیاوی دیموکرات لە ژوورەوەو دەرەوە چاوەروانی دەکەن.

لەگەڵ سلاویکی گەرمدا

✧✧✧

**پەیامی خانمی "هایدی میرك" (Heidi Merk) ئەندامی پارلمانی SPD لە ناوچەی فیدرالی "نیدرزاکسن"، وەزیری پیشووی کاروباری ئورووپا لەو ناوچەیەداو هەروەها دۆستی لە میژینەو بەوەفاو ناسراوی گەلەکەمان.**

بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران دۆستانی خۆشەویست!

خۆشحاڵ بووم کە بۆ بەشداری لە ریورەسمەکەتاندا بانگهیشتان کردبووم، قەت لە بیرم ناچێ رۆژیك پیش کۆبوونەوەی "S I" لەگەڵ ئەو دۆستانە (شەهیدەکان) قسەم کردو پیکەوە نانمان خوارد. بەڵام ئیدی ئەوانم نەدیتەوە. خەباتی ئەوان لە پیناوی ئازادی‌و دیموکراسیدا بۆ من سەرمەشقیکی گەورە بوو. بە داخەوە لەبەر هەلبژاردن ناتوانم لەو کۆریادەی بیرلیندا بەشدار بم. چونکە بۆ خۆتان لە وەزعی من ئاگادارن.

لە دلەوە سڵاوتان بۆ دەنیرم

✧✧✧

**پەیامی بەریز کریس‌کۆچرا**

دوکتور سەعید دۆستی نزیکی ئیمە بوو. ئەومان زۆر خۆش دەویست، چونکە مرۆڤیکی زۆر رووخۆش‌و میهرەبان بوو، رووناکبیریکی گەورەو لە هەمان کاتدا کەسیکی زۆر خاکی‌و خەلکی بوو.

ئیمە لەپیوەندی لەگەڵ چارەنووسی وی‌دا گەلیك بەرپرسایەتیمان لەسەر شانە، چونکە ئیمە بووین کە یەکەمجار زەمینەمان بۆ چاوپیکەوتن لەگەڵ دوکتور قاسملوو لە مالی خۆمان لە پاریسدا بۆ پیك هینا.

چەند رۆژ پیش ئەوەی تیرۆر بکرێ، لە پاریس چاومان پیی کەوت‌و وەعدەی پێ داین کە لە گەرانەوەدا سەردانمان بکا. بەڵام چارەنووس شتیکی دیکە بوو.

سەعید، هەمیشە لە یادو بیرماندا دەمینێ.

✧✧✧

**پەیامی دوکتور بیرنارد گرانژۆن سەرۆکی ئیفتخاریی ریکخراوی پزیشکانی جیهان**

ئاغای عەبدوللا حەسەنزادە، سکرتیری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران!

دۆستانی بەریزی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران!

راست ١٠ ساڵ لەوە پیش لە وەها رۆژیکدا، ژمارەیەك لە هەڤاڵانمان بە تایبەتی کاك سەعیدو کاك فەتتاح بەدەست ئەو قاتلانەی کە ٣ ساڵ پیشتر دوکتور قاسملووو کاك عەبدوللایان شەهید کردبوو، تیرۆرو شەهید کران. ئەمن بە داخ‌و پەژارەیەکی زۆرەوە ریز بۆ یادی ئەو تیکۆشەرە بەنرخانەی ریگای ئازادی‌و دیموکراسی دادەنیم. ئەوان نە تەنیا لە ریزی باشترین‌و خۆشەویستترین دۆستەکانی ئیمە بوون، بەلکوو بۆ ئیمە، مرۆڤی نموونەش بوون.

ویرای هەموو ئیکیپی پزیشکانی جیهان کە ماوەیەك لە پیوەندی لەگەڵ یارمەتی‌یە ئینسانی‌یەکاندا لەگەڵ ئیوە هاوکاریمان کردوە، بە داخ‌و کەسەریکی زۆرەوە یادی ئەو نەمرانە دەکەینەوە. لەگەڵ بەشداری لە خەمتاندا، بە هەموو وجوودمانەوە خوازیاری بەردەوامیتان لە خەباتە رەواو بویرانەکەتان داین.

# تیکۆشان لە دەرەوەی وڵات

## فەرانسە

### سکرتیری گشتیی حیزب چاوی بە دوکتور کارل شرامیك، سەفیری ئۆتریش لە ریکخراوی هاوکاری‌و پەرەپیدان‌و ئەمنییەتی ئورووپا کەوت

رۆژی پینج شەممە ٣ی ئوکتۆبر هاوریی تیکۆشەر عەبدوللا حەسەنزادە سکرتیری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران چاوی بە دوکتور کارل شرامیك سەفیری ئوتریش لە ریکخراوی هاوکاری‌و پەرەپیدان‌و ئەمنییەتی ئورووپا کەوت. لەو چاوپیکەوتنەدا کە لە دەفتەری کارل شرامیکدا بەریوە چوو، هاورییانی بەریز جەلیل گادانی ئەندامی کومیتەی ناوەندی‌و خوسرەو عەبدوللایی نوینەری حیزب لە دەرەوەی وڵات بەشدار بوون.

لە دانیشتنیکی دۆستانەدا کە نزیکەی ٣ سەعاتی خایاند، هەردوولا لەسەر هەلومەرجی ناوچە، ئیران‌و کوردستان ئالوگۆری بیروراپان کردو لەبارەی زۆر مەسەلەی پیوەندیدار بە وەزعی ناوچەو ئیران بیرورا‌و بۆچوونی لیك نزیك‌و وەك یەکیان هەبوو. لەبارەی کیشەی کوردەوە وەك کیشەی گرنگی ناوچەکە دوکتور شرامیکیش پیی وابوو کە بێ چارەسەری دادپەروەرانەی کیشەی کورد، ئاشتیی سەقامگیر لەو ناوچەیەدا نایەتە دی.

لەو چاوپیکەوتنەدا دوکتور کارل شرامیك لەسەر پشتیوانیی خۆی لەسەر هەلویست‌و سیاسەتە ئوسوولی‌و واقیع‌بینانەکانی حیزبی دیموکرات پیی داگرت‌و سەرکەوتنی بزووتنەوەی هەقخوازانەی خەلکی کوردستانی ئیران بە ریبەرایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیرانی بە ئاوات خواست.

## ئەمریکا

### ریورەسمی دەیەمین سالیادی شەهیدانی بیرلین

کومیتەی حیزب لە وڵاتی ئەمریکا رۆژی یەك شەممە ٢٢ی سیپتامبری ٢٠٠٢ ریورەسمیکی بۆ ریزگرتن لە یادی شەهیدە سەربەرزەکانی کارەساتی میکونووس، کاك دوکتور سادق شەرەفکەندی، کاك فەتتاح عەبدولی، کاك هومایوون ئەردەڵان‌و کاك نووری دیهکوردی لە شاری واشنگتۆندا پیك هینا.

ژمارەیەکی بەرچاو لە کوردەکانی دانیشتووی وڵاتی ئەمریکاو ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزب‌و هەروەها ژمارەیەك میوانی ئازەری، عەرەب‌و فارس زمان لەو ریورەسمەدا بەشدار بوون.

ریورەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی رەقیب"و دەقیقەیەك بیدەنگی بۆ ریزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێ کرد. پاشان پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزب بەبۆنەی دەیەمین سالی تیرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی کە وەرگیردرابوە سەر زمانی ئینگلیسی لە لایەن هاورێ شەریف بیهرووزەوە خویندرایەوە.

لە بەشیکی‌تری ئەو ریورەسمەدا هاورێ خالید عەزیزی لەسەر رووداوی ٢٦ی خەرمانان‌و ئاکامی دادگای میکونووس قسەی بۆ بەشدارانی ریورەسمەکە کرد.

¤¤¤

## یۆنان

### بەشداری لە بیست‌و هەشتەمین فستیڤالی ساڵانەی ریکخراوی لاوانی کومۆنیستی یۆناندا

یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئیران ـ کومیتەی یۆنان ـ ئەو سالیش بەرەسمی لە لایەن کومیتەی بەریوەبەری ریکخراوی لاوانی کومۆنیستی یونان (K.N.E)ەوە بۆ بیست‌و هەشتەمین فستیڤالی ساڵانەی ئەو ریکخراوەیە کە لە رۆژەکانی ١٨ هەتا ٢١ی سیپتامبری ٢٠٠٢ لە یەکیك لە گەورەترین پارکەکانی شاری ئاتیندا بەریوە چوو، بانگهیشت کرا. یەکیەتیی لاوانی دیموکرات لە بەشی نیونەتەوەیی ئەو فستیڤالەدا لەگەڵ دەیان ریکخراوی دیکەی لاوان خاوەن ستاندیکی تایبەتی بوو. ستاندی یەکیەتیی لاوان بە وینەی ریبەرانی شەهید "قازی، قاسملوو شەرەفکەندی"و چەند وینەیەك لە جینایەتەکانی ریژیمی کۆماری ئیسلامیی ئیران، جلوبەرگ‌و چەند کەرەسەیەکی فولکلۆری کوردی‌و هەروەها بە وینەی ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان رازابۆوە.

لە بەشی پیوەندی‌یەکانی ستاندی یەکیەتیی لاواندا لیستەیەك لە قوربانییانی کردەوە تیرۆریستی‌یەکانی ریژیم (بە زمانی یۆنانی) کتیب‌و بڵاوکراوەی جۆراوجۆری حیزبی، کاسیت، سی دی، بەرهەمی دەستیی کوردەواری‌و کتیبیك بە زمانی یۆنانی لە ژیر ناوی "کوردستانی ئیران‌و حیزبی دیموکراتی کوردستان ئیران" کە لە لایەن کومیتەی حیزب لە یونان‌دا ئامادە کرابوو، لەو ستاندەدا دانرابوون.

لە ماوەی چوار رۆژ کاری فستیڤاڵدا ژمارەیەکی زۆر لە بەشدارانی فستیڤالەکە سەردانی ستاندنی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتیان کردو پیشوازی‌یەکی گەرمی لێ کرا. لە رۆژی سیهەمی فستیڤالەکەدا خانمی "ئالیکا پاپاریغا" سکرتیری گشتیی حیزبی کۆمونیستی یۆنان سەردانی ستاندی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئیرانی کردو خۆشحالی خۆی لە بەشداریی یەکیەتیی لاوان لەم فستیڤالەدا دەربری. هەروەها هاورییانی یەکیەتیی لاوان لە ماوەی ئەو چەند رۆژەدا سەردانی چەند کەسایەتی‌و هەیئەتی ریکخراوە خاریجی‌یەکانیان کرد کە بریتی بوون لە:

- بەریز "ئیراکلیس چاڤداریدیس" سەرۆکی فیدراسیۆنی جیهانیی لاوانی دیموکرات (Wfdy)
- یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی عیراق
- یەکیەتیی قوتابیانی فەلەستین
- ریکخراوی لاوانی کورەی باکوور
- ریکخراوی لاوانی چەپی سووریە
- ریکخراوی لاوانی قیبرس "پیشکەوتن"
- ریکخراوی لاوانی کۆمونیستی یووگسلاوی
- ریکخراوی لاوانی سوودان
- ریکخراوی لاوانی کۆمونیستی تورکیە
- ریکخراوی لاوانی کۆلۆمبیا
- ریکخراوی لاوانی کۆمونیستی چیك

←

# درێژەی تێكۆشان له دەرەوەی وڵات

## ئەمریكا

### بەڕیوەچوونی سمیناریكی ئینتیرنیتی

ڕۆژی هەینی ٢٠ی سیپتامبری ٢٠٠٢ی زایینی، سمیناریكی ئینتەرنیتی له لایەن ژووری "ئیره دەنگی كوردستانه" به بەشداری هاوریی بەڕیز خالید عەزیزی لەسەر بەرنامەی پالتالك (Paltalk) پیك هات. هاوڕێ خالید عەزیزی لەو سمینارەدا به تیروتەسەلی لەسەر كەسایەتیی سیاسیو تیرۆری ناجوامیرانەی دوكتور سادق شەرەفكەندیو هاوڕییانی له بیرلین قسەی كردو وەڵامی پرسیاری بەشدارانی سمینارەكەی دایەوە.

⌑⌑⌑

### وتوویژی تەلەفزیۆنی فەزایی "رنگارنگ" لەگەڵ نوینەری حیزب له ئەمریكا

ڕۆژی هەینی ٢٠ی سیپتامبری ٢٠٠٢، تەلەفزیۆنی فەزایی "رنگارنگ" وتوویژیكی لەگەڵ كاك خالید عەزیزی، نوینەری حیزب له وڵاتی ئەمریكا پیك هینا. له بەشیكی ئەو وتوویژەدا كاك خالید له سەر تیرۆری دوكتور سادق شەرەفكەندیو هاوڕییانی له ریستۆرانی میكونووس له وڵاتی ئالمان قسەی كرد.

بەشیكی زۆری بەرنامەی ئەم وتوویژه بۆ پرسیاری بەشداربووانو بینەران تەرخان كرابوو كه له لایەن كاك خالید عەزیزییەوە وەڵامی پرسیارەكان درایەوە. ئەم وتوویژه كه تەوەرەكەی "دیموكراسی بۆ ئیرانو خودموختاری بۆ كوردستان" بوو، پتر له دوو ساعەتی خایاند. پیویسته بوترێ تەلەفزیونی فەزایی "رنگارنگ" بەرنامەكانی خۆی به زمانی فارسی له ئەمریكاوه بۆ هەموو دنیا بڵاو دەكاتەوە.

## ئوستڕالیا

### ڕاپۆرتی بەڕیوەچوونی كۆڕی بیرەوەریی ١٠ ساڵەی شەهیدبوونی دوكتور شەرەفكەندیو هاوڕییانی

به مەبەستی ڕیزگرتن له یادی ١٠ ساڵەی شەهیدبوونی دوكتور سادق شەرەفكەندیو هاوڕییانی، كومیتەی حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئیران له ئەیالەتی ئوستڕالیای باشوور، كۆڕیكی ڕیزلینانی له ڕۆژی ٢١ی سیپتامبری ٢٠٠٢ی زایینیدا بەڕیوه برد. كۆڕەكە كه لەسەر ئەركی بەڕیز ئاغای "كریس هانا" ئەندامی پارلمانی ئوستڕالیای باشوورو به هاوكاریی بەریزیان له هۆڵی كۆبوونەوەكانی پارلماندا به بەشداری ژمارەیەكی زۆر له ئەندامانو لایەنگرانو دۆستانی حیزب پیك هات، سەعات ٥ی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی شەممە دەستی پێكرد.

سەرەتا ١٠ مۆم به نیشانەی تیپەڕینی ١٠ ساڵ بەسەر كارەساتی بیرلیندا له لایەن كوڕانو كچانی تازه لاو كه هەموویان جلوبەرگی كوردییان لەبەردا بوو، داگیرسان. پاشان دەقیقەیەك بیدەنگی به نیشانەی ڕیزگرتن له گیانی پاكی شەهیدان ڕاگەیەندرا. ئینجا بەڕیز محەممەد هاشمی له لایەن كومیتەی حیزبەوه به زمانی كوردیو ئینگلیسی سوپاسی بەڕیز كریس هانای كردو داوای لێكرد به وتەكانی خۆی ڕیورەسمەكه بكاتەوە.

ئاغای هانا زۆر به گەرمی هاودەردیی خۆی لەگەڵ حیزبی دیموكراتو گەلی كورد دەربڕیو گوتی: "با پیمان وانەبێ تیرۆریزم تەنیا ڕووی له ئەمریكایەو له ١١ی سیپتامبری ساڵی ڕابردوودا سەری هەڵداوە. شەهیدانی بیرلین نموونەی زیندووی كردەوەیەكی تیرۆریستین كه ١٠ ساڵ لەمەوپیش ئەنجام دراوە".

بەدوای وتەكانی بەڕیز هانادا پەیامی كومیتەی حیزب له ئادلاید له لایەن بەرپرسی كومیته كاك هەیاس كاردۆوه خویندرایەوە. پاشان ژیاننامەی شەهید دوكتور شەرەفكەندی به ڤیدیۆ نیشان درا. ئینجا ئەم پەیامو وتارانەش له كۆڕەكەدا خویندرانەوە.

ـ پەیامی كۆمەڵەی كورد له ئادلاید له لایەن خوشكه حەلیمه ئیبراهیمییەوە.

ـ پەخشانیكی هەست بزوین كه ئەدیبیك به ناوی چەكۆ له توركیەوه ناردبووی له لایەن كاك خالید پەردەدارەوه خویندرایەوە.

ـ پەیامی بەڕیز كاك قادر عەبدی له لایەن كاك هەیاس كاردۆوه پیشكەش كرا.

ـ وتاریك به زمانی ئینگلیسی له لایەن كاك محەممەد هاشمییەوه پیشكەش كرا.

ـ پەخشانی تاجی سەروەری كه كاك مەحموود ئەحمەدیان پیشكەشی كرد.

ـ شاعیر نەجات ئەحمەد هەستی خۆی بەرامبەر به كارەساتی بیرلین به شیعریكی جوان دەربڕی.

ـ پەیامی كومیتەی حیزب له بریزبین

ـ پەیامی بەڕیز فازڵ ڕۆستەم له بریزبینەوە.

ـ پەیامی كومیتەی ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاست له لایەن بەڕیز دوكتور بورهان سەعیدەوە.

ـ پەیامی بەڕیزان حوسین خۆشناوو عەبدولوەهاب تالەبانی، بەڕیوەبەرانی ڕۆژنامەی كورد له ئوستڕالیا.

ـ پەیامی حیزبی شیوعیی كوردستان ـ كومیتەی ئوستڕالیا

ـ پەیامی بەڕیز "رضا چووپان"

ـ پەیامی بەڕیز مەدحی مەندەلاوی، نووسەرو خەباتگیری ئیلامی

ـ پەیامی كومیتەی حیزب له پیرت

ـ پەیامی كومیتەی حیزب له میلبۆرن كه بەڕیز كاك سدیق ئوستاد ئیبراهیمی پیشكەشی كرد.

ـ چەند بیرەوەرییەكی كاك هەیاس كاردۆو كاك زاهید كەریمی لەگەڵ دوكتور شەرەفكەندیو وتەیەكی كاك حوسین پەیرەوان

ـ وتاری بەڕیز عوسمان ئەلیاسی ئەندامی حیزب له ئادلاید

ـ پەیامی ڕادیۆی كوردی له ئادلاید كه بەڕیز خوشكه هیرۆ لەتیف خویندیەوە.

ـ پەیامی ڕادیۆی كوردی له بریزبین

ـ شیعری "شەهید" كه به ڤیدیۆ پیشكەش كرا.

پاشان بەرپرسی كومیته بەگەرمی سوپاسی بەشداربووانی كردو هیوای دەربڕی گەلی كورد چی دیكه تووشی كارەساتی ئاوا جەرگبڕ نەبێو ڕیورەسمەكه سەعات ٧ی ئیواره كۆتایی پێهات.

## ئالمان

ڕۆژی ٢٠٠٢/٩/٢١، بەبۆنەی دەیەمین ساڵرۆژی شەهیدبوونی دوكتور شەرەفكەندیو هاوڕییانییەوە، خۆپیشاندانیك به بەشداریی زیاتر له ١٥٠ كەس له شاری "كۆڵن" له كاتژمیر ٢ هەتا ٤ی پاشنیوەڕۆ لەبەر دەرگای كلیسای دیرینو گەورەی ئەو شارەدا وەڕیخرا.

لەو خۆپیشاندانەدا ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئیران له پیوەندی لەگەڵ دەیەمین ساڵڤەگەری تیرۆری دوكتور سادق شەرەفكەندیو هاوڕییانیدا به زمانی ئالمانیو زاراوەی سۆرانیو كرمانجی بۆ بەشداران خویندرایەوە. دەیان وینەی شەهیدانی بیرلینو هەروەها چەندین دروشمی جۆراوجۆر كه به زمانەكانی ئالمانیو كوردی لەسەر پارچه نووسرابوون، بەدەستی خۆپیشاندەرانەوه دەبیندران. خۆ پیشاندەران هەروەها ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئیرانیان كه وەرگیردرابۆوه سەر زمانی ئالمانی، لەنیو ڕیبوارانیدا بڵاو دەكردەوە.

## سویس

كاتژمیر ٢ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی شەممە، ڕیكەوتی ٢٠٠٢/٩/٢١ كومیتەی حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئیران له سویس، به بۆنەی دەیەمین ساڵوەگەری شەهید بوونی ڕیبەری لیوەشاوەو سكرتیری گشتیی حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئیران كاك دوكتور سەعیدو هاوڕییانی كاك فەتاح عەبدولیو كاك هومایوون ئەردەڵان، ڕیورەسمیكی یادكردنەوەی له شاری (بیل)ی سەر به (بیرن)ی پیتەختی وڵاتی سویس پیك هینا.

كۆڕەكه به سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب" له لایەن كۆڕی هونەریی یەكیەتیی لاوانی دیموكراتی كوردستانی ئیران ـ كومیتەی سویسو ڕاگرتنی دەقیقەیەك بیدەنگی بۆ ڕیزلینان له گیانی پاكی شەهیدانی سوور خەڵاتی حیزبو گەل دەستی پێكرد. پاش بەخیرهینانی حیزبو لایەنه سیاسییه كوردستانییەكانو سەرجەم بەشداران، چەند بەشیك له فیلمی "شەپۆلی هاودەردی" پیشان درا. دواتر پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبەكەمان له لایەن هاوڕێ عادڵ ئەلیاسی بەرپرسی كومیتەوه خویندرایەوە، ئینجا هاوڕێ كاك عەبدولڕەزا كەریمی باسیكی تیروتەسەلی له سەر كارەساتی ١٧ی سیپتامبری بیرلین پیشكەش كرد. ناوبراو سەرەتا باسی كەسایەتی كاك دوكتور سەعیدی وەك شۆڕشگیریكی به ئیمان، سەركردەو ڕیبەریكی ماندوونەناسو خاوەن وره، زاناو لیبراو، ڕووناكبیرو تیگەیشتوو كردو گوتی: پاش تیرۆر كرانی مامۆستای گەورەمان كاك دوكتور قاسملوو، كاك دوكتور سەعید وا جیگای ئەو ڕیبەرەكەم وینەیەمانی گرتەوه كه حیزبی دیموكرات بێ قاسملوویی پیوه دیار نەبوو. هەروەها له درێژەی باسەكەیدا گوتی: ئەوەنده وردبینو وشیارو زانا بوو، كه سیاسەتی نەدەكرده هۆی له بیر بردنەوەی هاوڕییو دۆستایەتی. هەر لەو پیوەندییەدا ئاماژەی به هیندیك ڕووداوی پاش تیرۆر كرانی كاك سەعید كرد. ناوبراو هەروەها ئاماژەی به وەزعی ئیرانو سیاسەتو هەڵویستەكانی كۆماری ئیسلامیی ئیران كردو وەزعی شپرزی وڵاتی خسته بەرچاو.

ئینجا هاوڕێ عەبدولڕەزا كەریمی له پیوەندی لەگەڵ كاك فەتاحدا گوتی: شۆڕشگیریكی به باوەڕو لیهاتووو بەتواناو ئازادیخوازیكی ڕاستەقینه بوو. ئەو گوتی: كاك هومایون كەم قسەو پر كارو وردبین بوو.

كاك عەبدولڕەزا قسەكانی خۆی بەم جۆره كۆتایی پێ هینا: هەموو ڕۆژێ لای بەیانو ئیواران له بلیندایی لووتكەی كیوگەردن كەشەكان، شۆره سواران دەبینین كه سواری ئەسپی شكۆمەندینو بەرەو چاوگەی هەرمان ڕكیف دەكوتنو وەبیرمان دیننەوه كه ئیمەش ڕێو ڕیبازو ئامانجه پیرۆزەكانیان لەبیر نەكەین.

له بەشی دووهەمی بەرنامەكەدا له لایەن شاعیری لاو ئاكۆ ئەلیاسی شیعریك به ناوی "تاجه گولینەیەك بۆ شەرەفكەندیو هاوڕییانی" خویندرایەوە. ئینجا پەیامی كومیتەی یەكیەتیی لاوانی دیموكراتی كوردستانی ئیران له سویس له لایەن كاك عزیز پیرییەوه پیشكەش كرا. هەروەها ژیاننامەی كاك فەتاحو نامەی كوره تاقانەكەی، كاك زاگرۆس له لایەن زوبەیر ئەمینی ئەندامی كومیتەی حیزبو ژیاننامەی كاك هومایوون ئەردەڵان له لایەن كاك ڕەحیم ڕەحمانزادەوه خویندرایەوە. دوایی نۆره گەیشته خویندنەوەی پەیامی حیزبو لایەنه كوردستانییەكان له لایەن نوینەرەكانیانەوه كه بریتی بوون له:

١ـ كۆمەڵەی شۆڕشگیری زەحمەتكیشانی كوردستانی ئیران

٢ـ حیزبی سوسیالیستی كوردستانی توركیه

٣ـ یەكیەتیی نیشتمانیی كوردستان

٤ـ پارتی دیموكراتی كوردستانی عیراق ـ لقی ئورووپا

٥ـ حیزبی شیوعیی كوردستانی عیراق

٦ـ پارتی یەكیەتی كورد له سووریه

٧ـ پارتی یەكیەتی دیموكراتی كورد له سووریه.

ئینجا پارچه مۆسیقایەك له لایەن هونەرمەند كاك جەمیلەوه پیشكەش كرا. شایانی باسه كه ئەم ڕیورەسمه تا كاتژمیر ٥/٣٠ی ئیواره درێژەی كیشاو نزیك به ١٥٠ كەس تییدا بەشدار بوون.

جیگای وەبیر هینانەوەیه كه ڕۆژیك پیشتر واتا ٢٠٠٢/٩/٢٠ ڕادیۆی ٢٤ ساعاتەی ئەمریكا هەر له پیوەندی لەگەڵ دەیەمین ساڵرۆژی تیرۆری دوكتور سەعیدو هاوڕییانیدا وتوویژیكی لەگەڵ كاك عەبدولڕەزا كەریمی پیك هینا كه نیزیك به كاتژمیریكی خایاند. هەروەها كومیتەی حیزب له سویس ڕۆژی ٢٠٠٢/٩/٢٢ سیمیناریكی بۆ هاوڕێ عەبدولڕەزا كەریمی له ڕیگای ئینتیرنیتەوەو له ژووری "ئیره دەنگی كوردستانه" له ژیر ناوی "حیزبی دیموكرات چی دەڵێ" پیك هینا كه ژمارەیەكی زۆر له وڵاتانی جۆراوجۆری دونیاوه تییدا بەشدار بوون.

### بەشداریی هەیئەتیكی حیزب له كونفرانسی حیزبی كریكاری بریتانیادا

لەسەر دەعوەتی ڕەسمیی حیزبی كریكاری بریتانیا (لیبر پارتی) هەیئەتیكی حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئیران پیكهاتوو له: بەڕیزان هاشم كەریمی، هەمزه بایەزیدیو مەولوود سواره له كونفرانسی ئەو حیزبه كه له ڕۆژی ٢٩ی سیپتامبرەوه تا ٣ی ئۆكتۆبری خایاند، له شاری بلاك پول بەشدار بوون.

لەم كۆنفرانسەدا سەرۆك وەزیری بریتانیا تۆنی بلیر لەسەر مەسائیلی نیوخۆو دەرەوەو سیاسەتەكانی پارتەكەی قسەی كرد.

لەو كونفرانسەدا ئەندامانی هەیئەتی حیزبی بڵاوكراوەو بەڵگەنامه حیزبییەكانیان بڵاو كردەوە.

## ئینگلستان

### دانیشتن لەگەڵ بەرپرسیكی ڕیكخراوی لیبوردنی نیونەتەوەیی

هەیئەتیكی حیزبی دیموكرات ڕۆژی ٤ی ئۆكتۆبری ٢٠٠٢ له سەر دەعوەتی ئەمنیستی ئەنترناسیونال (لیبوردنی نیونەتەوەیی) چاوی به ئاغای دروری لەبەشی ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاست كەوت. لەسەرەتای دیدارەكەدا باسیكی گشتی لەسەر وەزعی ڕیژیمو خۆپیشاندانەكانی ئەم دواییه له كوردستان بەتایبەتی مەهاباد كرا.

دواتر باسیك لەسەر زیندانییه سیاسییەكان كراو لەلایەن هەیئەتی حیزبەوه لیستیك له زیندانییه سیاسییەكانی كوردستان پیشكەش به ڕیكخراوی لیبوردنی نیونەتەوەیی كرا.

هەر لەو چاوپیكەوتنەدا فیلمیك كه له ١٩ی سیپتامبردا له كانالی ١ی سوئید لەسەر تیرۆرەكانی كۆماری ئیسلامی له دەرەوەی وڵات بڵاو ببۆوە، درا به ئەمنیستیو به درێژی لەسەر نیوەرۆكی فیلمەكه قسەو باس كرا.

꩜꩜꩜

# لەبارەی لایەحەی روونکردنەوەی دەسەڵاتی سەرکۆمارەوە

پاش بەرەو روو بوونی رەوتی ریفورمەکانی ریفورمخوازانی نیو دەسەڵات لەگەڵ بنبەستو ناکامیو ناهومیدییەك کە تووشی لایەنگرانی ئەم قۆڵە بوو، دەمراستەکانی ئەم قۆڵەو لەسەرووی ئەوانەوە خاتەمیی سەرکۆمار هیندیك مەسەلەی وەك روونبوونەوەی دەسەڵاتی سەرکۆماری هینایە گۆر تا لەم ریگایەوە قەرەبووی رابردوو بکەنەوەو هومیدیکی تازە بدەن بە لایەنگرانی خۆیانو، لەلایەکی دیکەوە وا نیشان بدەن کە ناکامی لە بەرەو پیش بردنی ئەو ریفورمانەدا کە مەبەستیان بووە، لەمەر تەسك بوون یان روون نەبوونی دەسەڵاتی سەرکۆمارەوە بووە.

لە پیناوی گەیشتن بەو مەبەستە، خاتەمیی سەرکۆمار لایەحەی روونکردنەوەی دەسەڵاتی سەرکۆماری پیشکیشی مەجلیس کردو هیوادارە کە ئەو لایەحەیە بەو هۆیەوە کە لەگەڵ قانوونی ئەساسیدا ناتەبایی نیە، نەك هەر لەلایەن مەجلیسی شوورای ئیسلامییەوە پەسند بکرێ، بەلکوو شوورای نیگابانو کۆری دیاریکردنی بەرژەوەندی نیزامیش کەندو کۆسپی نەیەننە رێ.

پیشکیش کردنی لایەحەی روونکردنەوەی دەسەڵاتی سەرکۆمار بە مەجلیسو چاوەروانیی پەسند کرانی بە هۆی ناتەبا بوونی لەگەڵ قانوونی ئەساسی، هەر لە جیدا جیگای پرسیارە. چونکە ئەگەر دەسەڵاتی سەرکۆمار لە قانوونی ئەساسیدا روونو ئاشکرایەو سنوورو چوارچیوەی خۆی هەیە، لە جیدا نەدەبوو لایەحەیەك بۆ روونکردنەوەی هاتبا گۆرێ. ئەگەر دەسەڵاتی سەرکۆمار لە قانوونی ئەساسییشدا بە شیوەیەکی لیلو ناروون هاتووەو لیکدانەوەی جۆراوجۆر هەڵدەگرێ، سروشتییە کە لیکدانەوەو بۆچوونی جیاواز لە بارەیەوە، بە تایبەت بە موافەقەت یا موخالیفەت، شوینی خۆیان لەسەر بەرتەسك کردنەوە یا زیادی کردنی ئەو دەسەڵاتە دەبیو هەر ئەوەش بوو بە هۆی ئەوە کە قۆڵی پاوانخواز نەك وەك روونکردنەوەی دەسەڵاتی سەرکۆمار، بەلکوو وەك بەرین کردنەوەی ئەو دەسەڵاتە ناوی بباو زیاد کردنی دەسەڵاتی سەرکۆمار وەك هەنگاونان بەرەو سەرەرۆیی لە قەلەم دەدا. دیارە ئەوەی قۆڵی پاوانخواز مەبەستیەتیو دژایەتیی لەگەڵ دەکا، هەنگاونان بەرەو سەرەرۆیی نیە. چونکە کەسانی سەر بەو قۆڵە رەخنەیەکیان لەو هەموو دەسەڵاتو ئیختیارە زۆرەی کە قانونی ئەساسی بە کردەوە داویەتی بە ریبەر، نەگرتووەو هیچ رخنەیەکیشیان لە حکوومەتو سەرەرۆیی ویلایەتی بێ ئەملاو ئەولای فەقیە نیە. بە پیچەوانە نیگەرانی ئەوەن دەسەڵاتو ئیختیارات لەنیوان ریبەرو سەرکۆمار دابەش بکرێ کە لەوانەیە بە پەسند کردنی لایەحەی پیشکیش کراو بە مەجلیس، بازنەی هیزو دەسەڵاتی سەرەرۆیی وەلیی فەقیە بەرتەسك ببیتەوەو لەوانەشە لە هیندیك بواردا ریبەر ناچار بە وەڵامدانەوە بە سەرکۆمار بێ بەتایبەتی لە پیوەندی لەگەڵ ئەو ئۆرگانو بنیاتانەدا کە لە ژیر فەرمانی ریبەری دان. هەربۆیە بە پیچەوانەی نەزەری خاتەمی لەبارەی ناتەبا بوونی لایەحەی گۆرین لەگەڵ قانوونی ئەساسی، لانی کەم لە روانگەی قۆڵی پاوانخوازەوە ئەو باسە واتە روونکردنەوەی دەسەڵاتی سەرکۆمار، زۆر بەرین، باس هەڵگرو کیشە خولقینەو ناتەبایيو نەگونجاوییەکانی نیو قانوونی ئەساسییش ئاشکراترو زەقتر دەکاتەوە. کەوابوو نابێ چاوەروان بین کە ئەو لایەحەیە تەنانەت ئەگەر لەلایەن نوینەرانی مەجلیسیشەو پەسند بکرێ، لە کونی بیژینگی شوورای نیگابانو کۆری دیاریکردنی بەرژەوەندی نیزام تیپەر بێ. بەتایبەتی کە باسەکانی پیوەندیدار بەو لایەحەیە، پییان خۆش بێ یان نا، دەسەڵاتی بێسنووری ریبەریش لەگەل خۆیان دادینن.

جگە لەو گیروگرفتو کەندوکۆسپانەی لەسەر ریی پەسند کرانی لایەحەی روونکردنەوەی دەسەڵاتی سەرکۆمار هەن، ئەم پرسیارەش لە پیوەندی لەگەڵ خاتەمیی سەرکۆماردا دیتە پیش کە ئایا ناوبراو لە ماوەی دەسەڵاتدارەتیی خۆیدا کە هەموو ئەو هیزەو دەسەڵاتەی کە بە شیوەیەکی روون لە قانونی ئەساسیدا هاتوون، لە جیهەتی بەرەوپیش بردنی ئەو ئیسلاحاتەدا کە مەبەستیەتی، کەلکی وەرگرتووە، کە ئیستا بۆ دریژەدانو تەکمیل کردنەکەیان پیویستی بە روونبوونەوەی دەسەڵات هەبێ؟! گومانی تیدا نیەکە خاتەمی زۆر چاك دەزانێ کە پەسند کردنی لایەحەیەکی ئەوتۆو تیپەرینی لە بیژینگی نەهادەکانی سەر بە ریبەری ئەگەر هەر لە یەکەم هەنگاوەکانیشدا زۆ بە خیراییو راشکاوی لەگەڵ ناکامی بەرەو روو نەبێ، لە چۆلە پیچەی باسو لیدوانە جۆراوجۆرەکاندا وەها مەعتەل دەکرێ کە ئەوەندە ماوەیەی لە تەمەنی سەرکۆمارییی خاتەمیی ماوەتەوە، بە هیچ جۆر بەشی بە ئاکام گەیشتنو خیردانەوەی ئەو لایەحەیە ناکا!

گومانی تیدا نیە کە ئەو گیروگرفتانەی ئیستا خاتەمی لە پیوەندی لەگەڵ دەسەڵاتی سەرکۆماردا لەگەلیان بەرەو روویە، تەنانەت ئەگەر نیوەرۆكو چوارچیوەی دەسەڵاتەکەش روون بکریتەوە، گیروگرفتەکان هەر لە جیی خۆیان دەبن. چونکە گیروگرفتە بنەرەتییەکە لە ناتەباییەکانی نیو قانوونی ئەساسییەوە سەرچاوە دەگرن. ئەوەش لە حالیك دایە کەخاتەمی بۆخۆی لەگەڵ هەر چەشنە گۆرانکارییەك لە قانونی ئەساسیدا موخالیفە. هەروەها سەرچاوەیەکی دیکەی گیروگرفتەکان، ئەو دەسەڵاتە بەرینو بێسنوورەیە کە هەر ئەو قانوونی ئەساسییە داویەتی بە ریبەر کە خاتەمی بە هیچ جۆر بە لای ئەو مەسەلەیەشدا ناچێ. هەر ئەو جۆرە گیرگرفتانەشن کە پیش بە بەرەوپیش چوونی هەر چەشنە ئیسلاحاتیکیان، تەنانەت ئەو ئیسلاحاتەی خاتەمیو ریفورمخوازانی نیو دەسەڵات مەبەستیانە، گرتوە. بەو پێیە چ لایەحەی روونکردنەوەی دەسەڵاتی سەرکۆمار لەلایەن مەجلیسو ئۆرگانەکانی سەر بەخامەنەیی پەسند بکرێو چ لەگەڵ گیروگرفتو کەندو کۆسپ بەرەو روو بێو بە ئاکام نەگا، ئالوگۆریکی ئەوتۆ لە وەزعی وڵاتو خەلکی ئیراندا پیك نایەو ئیسلاحاتی راستەقینەو دابین بوونو وەدیهاتنی داخوازەکانی خەلکی ئیران بە رووخانی ریژیمی کۆماری ئیسلامی لە تەواوەتیی خۆیدا نەبێ وەدیی نایە.

# کرانەوەی قوتابخانەکان لە نیزامی داتەپیوی پەروەردەیی لە ئیراندا

ع. بداغی

دەرگای قوتابخانەو زانستگەکانی ئیران بۆ سالی تازەی خویندن لە کاتیکدا بەرەورووی قوتابیانو خویندکاران کرانەوە کە وڵاتی ئیران بە هۆی سیاسەتی دواکەوتووانەو دەمارگرژانەی بەریوەبەرانی کۆماری ئیسلامییەوە، دەگەڵ زۆر قەیرانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی بەرەوروو بۆتەوە، کە ریگای دەرباز بوونی لەم قەیرانانە زۆر ئاستەمە. جیابیرانو هیزە ئازادیخوازەکان رۆژ بە رۆژ زیاتر فشاریان دەکەویتە سەر، بانگ دەکرینە دادگاو دەخرینە زیندانو سەرکوتو زەبرو زەنگ لە روانگەی ریژیم وەك تەنیا ریگای چارەسەری گیروگرفتەکانو قەیرانەکانی وڵات سەیر دەکرین.

سیاسەتی دژی پیشکەوتن لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە کە لە دارشتنی بەرنامەو پلانی دلخوازی ریبەرانیدا خۆی دەرخستوە، کاریگەری زۆری کردۆتە سەر کۆمەلگای فەرهەنگیو نیزامی بارهینانو پەروەردە لە ئیراندا.

سەرکوتی مامۆستایان لە ریبەندانی سالی رابردوو هیرش بردنە سەر حەرەکەتە ئیعتیرازییەکەی ئەوان هیچ شتیکی لە ئەسلی مەسەلەکە واتە هۆی خۆپیشاندانی مامۆستایان نەگۆریوە. لە هیلەك دان واتە گوزینش ئیستاشی لەگەڵ دابێ هۆکاری سەرەکیی هەلبژاردنو دامەزراندنو هەروەها لەمپەرو بەربەستیکی گەورە لەسەر ریگای هاتنە سەرکاری کەسانی پسپۆرو لیهاتوو، بەڵام جیابیر دەژمیردرێ. هەر لە دەست پێکردنی سالی تازەی خویندندا یەك میلیونو سێسەدو پەنجا هەزار (١٣٥٠٠٠٠) منداڵ لە پۆلی یەکەمی سەرەتایی بە حەشیمەتی ٢١ میلیون کەسیی قوتابیانو خویندکاران لە سالی پیشوو زیاد بووەو بە پیی رای کارناسانی وەزارەتی پەروەردەو فیرکردنی ئیران دەبێ (٢٥٠٠٠) کلاسی دەرسی تازە لە ساڵدا دروست بکرێو هینانە سەرکاری ٤٠٠٠٠ مامۆستای تازەش بۆ ئەم کلاسانە پیویستە کە بوودجەی تەرخان کراو بۆ ئەم مەبەستە بە هیچ شیوەیەك وەڵامدەر نیە. هەروەها بەرپرسیکی وەزارەتی پەروەردەو فیرکردن دەلی: تەنیا بۆ دابین کردنی پیداویستییەکانی قوتابخانەکان پیویست بە تەرخان کردنی هەشت هەزارو پینج سەد میلیارد تمەن سەرمایە هەیە کە لە بەرنامەی سیهەمی ئاوەدانیو پەرەپیدانی دەولەتدا تەنیا ١٢٪ی دابین کراوە. وەزعییەتی خویندکارانیش لە زانستگەکانو خویندنی باڵادا خراپتر نەبێ، باشتر نیە. پیداویستییەکانی زانستگەکانو هەروەها ناوەندەکانی لیکۆلینەوە، تویژینەوەو تاقیگەکانی زانستگەکان وەڵامدەری ریژەی خویندکاران نینو خویندکاران لەبەرامبەر دەرخستنی تواناییو نواندنی ئیستیعدادەکانیاندا تووشی گەلیك تەنگژەو بەربەست دەبن. جگە لەوەش دیاردە زیان هینەرە دزیوەکانی کۆمەڵایەتی رۆژ بە رۆژ زیاتر لە زانستگەکان پەرە دەستینن. توورەییو هەلچوونی دەروونیو رەفتاری، خەمۆکی، خۆکوژی، ئیعتیادو ناکامی لە خویندن ئەو نەخۆشییە دەروونیو جەستەییانەن کە خویندکاران ئەمرۆ بە بەرفراوانی دەگەلیان بەرەو روون. بۆ وینە لە سالی ٨٠دا، ریژەی هەولدان بۆ خۆکوژی لە زانستگەکانی تاران ٢٠٠ مەورید بووە. هەروەها گیروگرفتە ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتییەکان، دلەراوکییو بێمتمانەیی بەداهاتووو هیوا براوی دەرچووانی زانستگەکان، کاریگەریی لەسەر رادەی پیشوازیو داوای قوتابیان بۆ زانستگەکان بووە، بۆیە سەرۆکی دامەزراوەی "کار و تأمین اجتماعی" دەلی: ویستی لاوان بە تایبەت کوران بۆ خویندنی بەرز لەزانستگەکان یەکجار دابەزیوەو ئەم رەوتەش بەو شیوەیە هەر دریژەی هەیە." ریژەی بیکارانی درەچووی زانستگەکان ٥ قات زیادی کردوە. هەر بۆیە ئیستاش ئیران لەنیوان ٦١ وڵاتی جیهاندا لەبارەی راکردنی میشکەکان پلەی یەکەمی هەیە کە ئەوەش



دەربری ئەو راستییە کە وڵاتانی گەشە نەکردوو یان لەحالی گەشە بە چوونە سەری ئاماری راکردنی میشکەکان توانایی عیلمیو زانستیو پسپۆری خۆیان لەدەست دەدەن. "لە سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیرا تا سالی ٧٩، ٢٢٠ هەزار کەسایەتی هەلکەوتەو بلیمەت لە بوارە جۆراوجۆرەکانی زانستیو بەریوەبەریدا بۆ وڵاتانی رۆژئاوا رایان کردووەو ٩٢/٥٪ بلیمەتەکانی ئولەمپیادەکان بۆ دەرەوە رایان کردوە.

بە ئاوردانەوەیەکی خیرا لەم قەیرانەو ئەو گیروگرفتانە کە دەستەو داوینی قوتابیانو خویندکاران بوونەتەوە بۆمان دەردەکەوێ کە هۆی سەرەکیی ئەم وەزعییەتە نالەبارە، ریشەی لە فەلسەفەو پیکهاتەی ریژیمی کۆماری ئیسلامیدا، داکوتاوەو دەگەریتەوە بۆ سەر بۆچوونی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیو روانینیان بۆ مەسەلەی پەروەردەو بارهینانو پیگەی ئەم فاکتەرانە لە قوتابخانەکانو زانستگەکان. بە بۆچوونی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی قوتابخانەو زانستگەکان، ناوەندی بارهینانی میرمنداڵانو لاوان لەسەر بنەمای پەروەردەی ئیدئولۆژیکیو سیاسی تایەبت بە خۆیانن. بە واتەیەکی تر قوتابخانەو زانستگەکان ئامرازیکن لە پیناوی گەیشتن بە پلانەکانیان بە قیمەتی رووتاندنەوەی ئەو شوینانە لە سەرەکیترین بیچمی فیرکردن (آموزش)، واتە بارهینانی قوتابیانو خویندکاران بە روانینی رخنەگرانەو کوشتنی هەستی گوێ لەمستی.

**هۆکارەکانی تری ئەم قەیرانە بریتین لە:**

ـ تەرخان نەکردنی بوودجە بۆ سازکردنو ئامادەکردنی فەزای باشی پەروەردە کردنو کەلك وەرنەگرتن لە مامۆستایانی پسپۆرو خاوەن ئەزموون بە هۆی بیری جیاوازەوە.

ـ لە رادەبەدەر تیخزاندنو جیگیر کردنی قوتابیانو خویندکاران لە هەر پۆلیکدا.

ـ کەمتەرخەمیو گوینەدان بە ئیمکاناتو کەرەسەی ئاموزشیو راهینان وەك تاقیگەو کتیبخانەو شوینی تویژینەوەو لیکۆلینەوە.

ـ کەمیی مووچەی مامۆستایانو کارمەندانی دەزگاکانی راهینانو بارهینان بە هۆی گەورە بوونی وزارەتی پەروەردو فیرکردن لە وڵاتداو سیاسەتی چەوتی کاربەدەستان لە دابین نەکردنی پیداویستیو بوودجەی پیویست بۆ ئەم کارەو هەر بەو هۆیەش دابەزینی ئەنگیزەی مامۆستایان بە هۆی کەمبوونی مووچەو داهات.

ـ سیاسەتی چەوتی پیوەندیدار بە کونترۆلی فەرهەنگیو سیاسی شوینە ئاموزشییەکانو چاوەدیریی پۆلیسی لەسەر مامۆستایانو خویندکارانو قوتابیان ویرای داسەپاندنی یاساو ریسای توندوتیژ بەسەریانداو دەستیوەردانی دائیمی لە کاروباری تایبەتی ئەوانو کردنی قوتابخانەو زانستگەکان بە شوینی ناوەندی تەبلیغی سیاسیو مەزهەبی.

ـ خولقاندنی فەزایەکی بێباوەریو پر لە ترسو دلەراوکێ بەهۆی دامەزراندنی ئەو ریکخراوانەی بە نیوی "حراست"، "بەسیجی دانش ئاموزی"و "بەسیجی خویندکاری" چاوەدیری بەسەر ئاکارو کردەوەو تەنانەت بیرو ئەندیشەی مامۆستایانو قوتابیانو خویندکاراندا دەکەن.

پەروەردەو فیرکردن لە هەموو شوینیك پیویستی بە دیمۆکراسی، بەشدارییی گشتی،دەست پیراگەیشتنی ئازادانە بە زانیارییەکان، فەزایەکی لیوانلیو لە باوەرو متمانە، هەبوونی ئەنگیزە بۆ فیربوونو پیشکەوتن، هیوا بە داهاتوو و دابین کردنی پیداویستییەکانی ئاموزشی هەیە، ئەو مەرجانەن کە بەهۆی نیوەرۆکی سیاسی کۆماری ئیسلامیو هەبوونی بیروبۆچوونی چەوتی کاربەدەستان لەسەر مەسەلەی ئاموزشی لە ئیراندا، وەدیهینانیان شتیکی چاوەروان نەکراوو زەحمەتە.

*** ئامارەکان لە گۆڤاری "بینش سبز" ژمارە ١٠ وەرگیراون.**

# "هەموو شتیك بۆ جەبهەو هەموو ئیمکاناتیك بۆ سەنگەر"

**به بۆنەی ٢٠ ساڵەی "مانگی دیفاع لە ئازادی"یەوە**

م. رەوانپاك

**"ئەوە چەند رۆژە ریژیمی ئاخوندی هیرشیکی پان‌و بەرینی تازەی دژی کۆمەڵانی زەحمەتکیشی خەلکی کوردستان دەست پیکردوە. ریژیمی خومەینی کە لە هەموو جەبهەکانی دەرەوەو نیو ولاتدا تووشی شکست بووە، پیداویستی بە سەرکەوتن هەیەو پیی وایە بە بەسیج کردنی چەند هەزار کەس دەتوانی ئەو سەرکەوتنە لە کوردستاندا وەدست بینی. هەر بۆیە دەستی داوەتە پان‌و بەرینترین‌و درندانەترین هیرشی خۆی. ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان بە تۆپ‌و هیلیکوپتیرو تەیارە دەکوتی، خەلکی بیدیفاع دەکوژی، گوندەکان ویران دەکا، خانووی زەحمەتکیشان دەرووخینی‌و لەسەر هەموو ئەو کردەوە دژی ئینسانی‌یانە ناوی ئیسلام دادەنی.**

**هیرشی ئیستای ریژیمی خومەینی دوا پەلەقاژەیەتی بۆ جیگیر کردنی خۆی لە کوردستاندا. بەرامبەر بە هیرشی ریژیمی خومەینی تەنیا یەك ریگا هەیە، ئەویش راوەستان‌و بەربەرەکانی کردن‌و هیرش بردنە. بۆیە دەفتەری سیاسیی حیزبی دیمۆکراتی کردستانی ئیران بریاری دا کە لە رۆژی ٢٠ی مانگی خەرمانانی ١٣٦١ەوە تا ٢٠ی مانگی رەزبەری ١٣٦١ مانگی دیفاع لە ئازادی‌و مەوجوودییەتی گەلی کورد ئیعلان بکا.**

**بە کورتی تەواوی خەلکی کوردستان دەبی هەموو تواناو هیزو ئیمکاناتی خۆیان بۆ جەبهە تەرخان بکەن! هەموو شتیك بۆ جەبهەو هەموو ئیمکانیك بۆ سەنگەر، ئەوەیە شیعاری ئەمرۆی سەرانسەری کوردستان."(١)**

***چەند بەشیك لە پەیامی سکرتیری گشتیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئیران، دوکتور عەبدولرەحمان قاسملوو بە بۆنەی هیرشی درندانەی ریژیمی خومەینی بۆ سەر خەلکی کوردستانەوە (خەرمانانی ١٣٦١)***

خەرمانانی ئەم ساڵ ٢٠ ساڵ لەو رۆژە رابرد کە دوکتور قاسملووی نەمر سکرتیری‌گشتیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئیران لە پەیامیکدا کە لە رادیۆی دەنگی کوردستانی ئیرانەوە بەدەنگی خۆی بلاو بۆوە، رووی کردە هاونیشتمانانی ئیرانی‌و خەلکی خەباتگیری کوردستان‌و ویرای پەردە لادان لەسەر دەست پیکردنی نیازیکی چەپەلی ریژیمی ئاخوندی کە هیرشیکی پان‌و بەرینی نیزامی بۆ سەر ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان بوو، ئەرکی کۆمەڵانی خەلك لە کوردستان‌و هیزی پیشمەرگەو ریکخراوەکانی حیزب‌و، زۆر بەش‌و لایەنی دیکەی نیو بزووتنەوەی شۆرشگیرانەی کوردستانی دەست نیشان کرد. دوکتور قاسملووی نەمر لە پەیامەکەی‌دا جاریکی دیکە راستی‌یەکی دووپات کردبۆوە: "ریژیمی خومەینی درۆ دەکا ئەگەر وەها دەنوینی کە گۆیا لەگەڵ حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئیران شەر دەکا. شەری خومەینی لەگەڵ هەموو خەلکی کوردستانە. . . چونکە موسولمانن‌و ولایەتی فەقیهی خومەینییان کە ئیستیبدادو سەرەرۆیی سەدەکانی نیونجی زیندوو دەکاتەوە، قبوول نیە. خومەینی رقی لە خەلکی کوردستانە، چونکە کوردن‌و لە رۆژەکانی پاش سەرکەوتنی شۆرشی گەلانی ئیرانەوە، بوون بەدرکی چاوی خومەینی. خومەینی رقی لە خەلکی کوردستانە. چونکە دیمۆکراسی‌و ئازادی‌یان دەوی. . ".(٢) بەلی ریژیم پان‌و بەرینترین‌و درندانەترین هیرشی خۆی بۆ سەر ناوچە ئازادەکانی کوردستان دەست پیکردبوو و دەیەویست بەخەیالی خۆی بەو هیرشە کاری سەنگەری دیفاع لە ئازادیی سەرانسەری ئیران، کوردستان، یەکلا بکاتەوەو بە یەکجاری خەیالی خۆی لە ئاست خەبات‌و بەربەرەکانیی حیزبی دیمۆکرات‌و خەلکی کوردستان ئاسوودە بکا.

لیرە دابوو کە دەفتەری سیاسیی حیزب بۆ ئاگادار کردنی کۆمەڵانی خەلك لە مەبەستی ریژیم‌و پیویستیی دیفاع لە ماف‌و ئازادی‌یەکانیان، دوکتور قاسملووی راسپارد تا لە پەیامیکی رادیۆیی‌دا رۆژەکانی ٢٠ی خەرمانان تا ٢٠ی رەزبەر وەك مانگی "دیفاع لە ئازادی‌و مەوجوودییەتی گەلی کورد" رابگەیەنی‌و هەموو بەرپرسان، کادرو پیشمەرگەو ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزب‌و سەرجەمی دۆستان‌و پشتیوانانی خەباتی خەلکی کوردستان بۆ راوەستان لە بەرامبەر ئەو هیرشەداو تیك شکاندنی نەخشەی ریژیم بانگەوازو بەسیج بکاو ئەرکیان لە هەلومەرجی گرنگی ئەوکاتداو، چاوەروانیی دەفتەری سیاسیی حیزب لە وانیان پیرابگەیەنی. مانگیك دواتریش لە پەیامیکی دیکەدا رۆژەکانی نیوان ٢١ی رەزبەر تا ٢٠ی خەزەلوەری وەك مانگی هیرش بۆ سەر دوژمنان ناودیر کرد.

تیپەرینی ٢٠ سال لەو رووداوە گرنگە بە دەرفەت دەزانین تا ویرای وەبیر هینانەوەی ئەو خۆراگری‌یە بەربەرین‌و پر شانازی‌یە کە کوردستان لە مانگی دیفاع‌و مانگی هیرش بۆ سەر دوژمنانی ئازادی‌دا شاهیدی بوو، هیندیك لایەنی خەبات‌و بەربەرەکانیی گەلی کوردو حیزبی دیمۆکرات بەدژی کۆماری ئیسلامی لەو ماوەیەدا بینینە بەر باس:

## مەبەستی ریژیم لە هیرشەکە

ئەگەرچی دەرهینانی هەموو ناوچە ئازادەکانی کوردستان لەدەست هیزی پیشمەرگەو هیزە سیاسی‌یەکانی کوردستان ئامانجیك بوو کە ریژیم هەر لە رۆژەکانی سەرەتای هاتنە سەرکاری‌یەوە بە ریگای هیرش‌و لەشکرکیشی‌یەوە هەنگاوی بۆ نابوو. بەلام لەو هیرشە پان‌و بەرینەدا، ریژیم ناوچەیەکی دیاریکراوی زیاتر مەبەست بوو، لە راستی‌دا مەبەستی ئەسلیی ریژیم گرتنەوەی ریگای پیرانشار ـ سەردەشت‌و ناوچەکانی دەورووبەری ئەو جادەیە بوو. بۆیە هاوکات لەگەل دریژەدانی شەرو هیرش لە زۆربەی جەبهەو ناوچە ئازادەکاندا، هیرشیکی چەندین هەزار کەسیی لە دوو لا (سەردەشت‌و پیرانشار)ەوە بە هەموو چەك‌و ئیمکاناتیکی شەرەوە کە لە ئیختیاری دابوو، بە مەبەست گرتنەوەی ئەو ریگایە دەست پی کردبوو. **"ئەو ریگایە هەم بۆ دوژمن‌و هەم بۆ بزووتنەوەی کوردو حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بایەخیکی ستراتیژیکیی هەبوو. لەبەر ئەوەی هەموو کوردستان هەر بە دوای هەلگیرسانەوەی شەر لە بەهاری سالی ١٣٥٩دا خرابووە بەر گەمارۆیەکی توندی ئابووری، حیزبی دیمۆکرات‌و هیزەکانی دیکەی نیو بزووتنەوەی کورد ناچار بوون بەشی زۆری پیداویستی‌یەکانیان بە شیوەی قاچاغ‌و نیوە قاچاغ لە عیراقەوە بینن. کەوابوو پاراستنی ئەو ریگایە بەتایبەتی لە کاتیکدا بەرەوو پاییزو فەسلی سەرماو ریبەندان درۆیشتین بایەخیکی زۆری هەبوو. دوژمنیش راست هەر بەو هۆیەوە دەیەویست ئەو ریگایە بگریتەوەو لە راستی‌دا مەبەستی ئەوە بوو بە گرتنی ریگای تەداروکاتیی حیزب، گەمارۆیەکی دیکە بخاتە سەر بزووتنەوەی کوردو خەلکی کوردستان بە گشتی."(٣)** جگە لەمەش بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب‌و رادیۆی دەنگی کوردستانی ئیران کە هەردووکیان شوین‌و نەخشی خۆیان لە رینوینی‌و بەرەوپیش بردنی تیکۆشانی حیزبی‌و خەبات‌و خۆراگریی خەلکی کوردستاندا هەبوو، هەر لەوناوچەیە بوون‌و ریژیم بە خەیالی خۆی بە گرتن یا هەلقەندنیان زەبریکی گەورەی لە حیزب‌و جوولانەوە دەدا!



کۆماری ئیسلامی لە شەری کوردستان‌دا دەستی لە بۆمبارانی شارو گوندەکانیش نەپاراستوە

## توانای حیزبی دیمۆکرات لە ریکخستنی خۆراگریی قارەمانانەو بەسیجی کۆمەڵانی خەلکدا

حیزبی دیمۆکرات بۆ ئەوەی کۆماری ئیسلامی نەتوانی بە هاسانی بەو مەبەستە چەپەلەی بگاو نرخیکی گران بۆ گەیشتن بەو مەبەستە بژیری، هیزە هیرشکەرەکانی کۆماری ئیسلامیی لەگەڵ دیواریکی پتەو لە خۆراگریی هیزی پیشمەرگە بەرەو روو کرد. لە هەموو جەبهەکان بەگشتی‌و بەتایبەتی لە میحوەری سەردەشت ـ پیرانشاردا هیزی پیشمەرگە لەگەڵ هیزی بەرگریی میللی لەبەرامبەر بارانی ئاگرو ئاسنی هیزەکانی کۆماری ئیسلامی‌دا کە لە هەواو زەوی‌یەوە دەرژایە سەریان، جانانە راوەستان. ئەو خۆراگری‌یە کەم وینەیە مومکین نەدەبوو ئەگەر ریکخراوەکانی حیزب‌و چەند سەد کادری ماندوویی نەناس‌و دەیان هەزار ئەندام‌و لایەنگری حیزب لە ناوچەکانی هیرش بۆ کراوو لەو ناوچەو مەلبەندانەی لە جەبهەی شەر نزیك بوون، هەموو هەوڵ‌و توانای خۆیان بۆ دابین کردنی پیداویستی‌یەکانی جەبهەو سەنگەر تەرخان نەکردبا. ئەوەی لەو دوو مانگەدا لە بەشداریی گشتیی رۆلە بە بیروباوەرەکانی دیمۆکرات‌و کۆمەڵانی خەباتگیری خەلك لەحەماسەی خۆراگری‌دا شاهیدی بووین، بە هاسانی لە گیرانەوە نایە.

هەروەك لە پەیامەکەی دوکتور قاسملوودا داوا کرابوو بەرپرسانی حیزبی لە نزیکەوە سەرپەرستیی کاروباری جەبهەیان دەکردو لە نزیك سەنگەری پیشمەرگەو مەیدانی شەر بوون تا بە ئاگاداری لە کەم‌و کووری‌و پیداویستی‌یەکانی رۆلە نەبەزەکانی دیمۆکرات، لە هەولی دابین کردنی پیویستی‌یە جۆراوجۆرەکانیان دابن‌و ورەی خەلك بەرز رابگرن‌و پیلان‌و فروفیل‌و دەنگۆو چاوور اوی دوژمن‌و بەکریگیراوەکانی پووچەڵ بکەنەوە. دوکتور قاسملووی نەمر لە ریزی ئەو بەرپرسە پایەبەرزانەی حیزب دابوو کە چەند جار سەردانی بەرەکانی شەریان کردو لە نزیکەوە چاویان بە فەرماندەران‌و پیشمەرگەکانی خەتی پیشەوەی جەبهە کەوت.

کادرەکانی حیزب نەك هەر لەو ناوچەو گوندانە کە ئازاد بوون، بەلکوو لەو ناوچانەش کە دەیان پیگەی گەورەی ریژیمیان لی جیگیر ببوو و بە روالەت کەوتبوونە ژیر دەسەلاتی کۆماری ئیسلامی، نان‌و پیخور، دەواو دەرمان، پیخەو و پیلاوو پیویستی‌یەکانی دیکەی پیشمەرگەو جەبهەی شەریان بە تراکتورو ماشین بۆ سەنگەرەکانی پیشمەرگە رەوانە دەکرد. ئەوان بە هاوکاریی شانەکانی حیزب، مامۆستایانی شۆرش، شووراکانی گوندەکان‌و کوران‌و کچانی ئەندام‌و لایەنگری یەکیەتیی لاوان جموجۆلیکی بەرینیان وەری خستبوو. بە کاری تەبلیغی سەرنجی کۆمەڵانی خەلکیان بۆ بەشداری لەو ئەرکە نیشتمانی‌یەدا کە کەوتبووە سەر شانیان، راکیشا بوو و وایان کردبوو هەمووان بەتاسەو ئۆگری‌یەوە لەو حەرەکەتە گەورەیەدا بەشدار بن.

خەلکی خەباتگیری نیو شارەکانیش، دلیان لەگەڵ دلی قارەمانانی مەیدانی شەردا لیی دەدا، هەربۆیە لە تەعقیبی هەواڵ‌و رووداوەکان، لە ناردنی زانیاریی بە نرخ لەبارەی جموجۆلی هیزکانی ریژیم‌و تەلەفاتی گیانیی ئەوان، لە کۆکردنەوەی یارمەتیی مالی‌و دەرمانی‌و راگرتنی پیشمەرگەی بریندارو دەرمان کردنی‌و، لە هینانەخواری ورەی لەشکریانی کۆماری ئیسلامی غافڵ نەبوون.

خەلکی ناوچە ئازادەکان سەرەرای ئەوەی هەموو ئیمکاناتی خۆیان نابووە خزمەت پیشمەرگەو بەشیکی زۆر لە پیداویستی‌یەکانی ئەوانیان دابین دەکرد. لە ریزی هیزی بەرگریی میللی‌دا، ئەرکی پیرۆزی دیفاع لە گوندو ناوچەی خۆیان گرتبووە ئەستۆو بە چەك‌و جلوبەرگی خۆیان لە سەنگەری بەرگری‌دا بەرامبەر بەهیرشکەران راوەستا بوون‌و دەیان کەس لەوان لەو بەرەنگاری‌یە پیرۆزەدا شەهیدو بریندار بوون.

## حەماسەخولقینی‌و قارەمانەتی نواندن لە شەریکی نابەرامبەردا

هەتا دەست پیکردنی مانگی دیفاع لە ئازادی، زیاتر لە سی ساڵ بوو شەری نابەرامبەر لە نیوان گەلی کوردو هیزە سیاسی‌یەکانی کوردستان لەلایەك‌و کۆماری ئیسلامی‌یەوە لەلایەکی دیکە لە گۆری دابوو. ریژیم هەر بەو چەك‌و ئیمکاناتەی شەری لەگەڵ ئەرتەشی عیراق پیدەکردن، شەری گەلی کوردیشی دەکرد. ئەوە لە حالیك دابوو کە نە هیزی پیشمەرگە لەباری ژمارەی نەفەراتەوە لەگەڵ لەشکری زۆرو زەوەندی ریژیم بە هیچ جۆر بۆ بەراوەرد کردن دەبوو، نە ئەو چەك‌و تەقەمەنی‌یەی لەدەست پیشمەرگە دابوو، لەچاو ئەو هەموو فرۆکەو تۆپ‌و تانگ‌و چەکە قورسانەی دیکە لە ئیختیار ئەرتەش‌و سوپای پاسداران دابوون، بۆ باس کردن دەبوون. لەو هیرشە پان‌و بەرینەشدا کە لەهاوینی ٦١دا بۆ سەر کوردستان دەست پیکرا، جیاوازیی هیزی ئینسانی‌و نابەرامبەریی چەك‌و کەرەستەی شەر بە زیانی هیزی پیشمەرگە چەند بەرامبەر ببوو.

ئەگەرچی حەجمی ئاگرو ئاسن باراندنی هیزکانی ریژیم بە رادەیەك بوو کە کەم گوندو کەم شوین‌و نوقتەی ئاستەم‌و گرنگی ناوچەی شەر هەبوون بە چەندین سەعات‌و تەنانەت بە چەندین شەوو رۆژ نەبووبن بەهەدەف‌و، لە حالیکدا ژن‌و منداڵ‌و خەلکی ئاسایی وەك هیزی پیشمەرگە کەوتبوونە بەر پەلامارو، دوژمن بەخەیالی خۆی تەرو وشکی پیکەوە دەسووتاند، بەوحالەش هیزەکانی ریژیم یەکجار بە سەختی دەیانتوانی پیشرەوی بکەن. ئەوان ناچار بوون "بۆ هەر کیلومیتریك پیشرەوی ١٠٠ کوژراو و ١٥٠ بریندار بدەن."(٤)

دوکتور قاسملووی نەمر لە پەیامیکدا کە رۆژی ٣ی سەرماوەزی ئەو سالە بە دوای کۆتایی هاتنی مانگی ناودیر کراو بە "هیرش بۆ سەر دوژمنانی ئازادی"دا بۆ خەلکی کوردستان‌و هاونیشتمانانی ئیرانی نارد، لەبارەی فروفیشالی ریژیم لە پیوەندی لەگەڵ گیرانەوەی جادەی سەردەشت ـ پیرانشاردا گوتی: **"ئەم سەرکەوتنە واتە کردنەوەی ریگای پیرانشار ـ سەردەشت کە خومەینی‌و دارودەستەکەی ئەوەندە شانازیی پیوە دەکەن [با بزانین] بە چ نرخیك وەدەست هاتوە: بە پیی**



زریپۆشیکی تیك شکاوی ئەرتەشی کۆماری ئیسلامی لە شەری کوردستاندا

**ئاماری دەقیق کە جاری تەکمیل نیەو تەنیا هی سی مانگی دوایی‌یە،لەو ریگایەدا ٦١٩٧ پاسدارو بەسیجی‌و ئەرتەشی کوژراون. ٨٢٧٢ نەفەریش بریندار بوون. ٢٦٧ چەکداری خومەینی بەدیل گیروان، ٤٨٠ دەزگا ئوتومبیلی دوژمن لە بەین چوون‌و ٤٨ ماشین بە ساغی بە دەست پیشمەرگەکان کەوتوون، ١٧ هیلی‌کوپتیریش ئەنگاوتراون‌و زۆربەیان کەوتوونەتە خواری. لەو ماوەیەدا ٣٩ بنکەی نیزامیی دوژمن گیراونەتەوەو ١١٣٠٠٠ فیشەك‌و ٦٨١ تفەنگ، ١٩ دەزگای بی‌سیم‌و ١٤ قەبزە چەکی قورس و ١٠ ئارپی‌جی‌و زۆر کەلوپەلی دیکە وەدەست پیشمەرگە کەوتوە. بەرامبەر بە ٦ هەزار کوژراوی دوژمن ٢٦٨ نەفەر لە پیشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان شەهید بوون. راستە زۆر پیشمەرگەی بە نرخ‌و نموونەمان لە کیس چوون. بەلام راستی‌یەکەی ئەوەیە کە بەرامبەر بە هەر پیشمەرگەی شەهید ٢٣ کەس لە بەکریگیراوانی ریژیم کوژراون."(٥)**

دەسکەوتی ریژیم پاش ٥ مانگ هیرشی درندانە، گرتنەوی ٧٠ کیلومیتری دیکە لە جادەی سەردەشت ـ پیرانشار بوو کە تا ئەوکات لە کونترۆلی هیزی پیشمەرگە دابوو. دیارە هیزەکانی ریژیم پاش گرتنەوەش تەنیا لە چەند سەعاتی رۆژی‌دا دەیانتوانی بەم جادەیەدا هاتوچۆ بکەن، ئەگینا نەك هەر بە شەو، بەلکوو ئیوارانیش کونترۆلەکەی دەکەوتەوە دەست پیشمەرگە.

باوەری پتەوی رۆلەکانی دیمۆکرات‌و خەلکی خەباتگیری کوردستان بە ئازادی‌و مافە نەتەوایەتی‌یەکانی خۆیان جاریکی دیکە لە مەحەك درایەوە ← ١٠

# ئایا سوپای پاسداران دەتوانێ تا سەر پارێزەری کۆماری ئیسلامی بێ؟!

کاوە بەهرامی

سوپای پاسدارانی ئیران هێزیکی چەکداری ئیدئۆلۆژیکی ئیسلامی‌یە کە لە ئەساس‌دا بە مەبەستی پاراستن‌و بەرگری کردن لەو ڕێژیمە دامەزراوەو دەبێ باوەری بە ویلایەتی فەقیە هەبێ. وەك دەزانن ئەرتەش لە هەر وڵاتێك‌دا ئەرکی پاراستنی سنوورەکانی ئەو وڵاتەی لە ئەستۆیەو حەقی دەستێوەردانی لە کاروباری نیوخۆیی‌و سیاسی دا نیە. ئەرتەشی هەر وڵاتێك لە بەرامبەر هێرشی دەرەوەیی‌دا لە باری نیزامی‌و چەکوچۆڵەوە تەیار دەکرێ‌و ئەرکی دیاری کراوو بوودجەو ئیمکاناتی تایبەت بە خۆی هەیە. بەڵام دەسەڵاتدارانی ئیران سەرەرای بوونی ئەرتەشیکی تا ڕادەیەك بەهێزو تەیار بە چەکی جۆراوجۆر هێزیکی دیکەو جیگای باوەری دیکەی بە ناوی سوپای پاسداران‌و بۆ ئەنجام گەیاندنی مەبەستەکانیان دامەزراندوەو بەردەوام لەبیری بەهێزکردن‌و پۆشتەو پەرداخترکردنی دایە.

رووخانی رێژیمی پەهلەوی بەرهەمی هێزو توانای کۆمەڵانی خەلکی ئیران بە تایبەت لاوان‌و روناکبیران بوو کە لە مەیدانی بەربەرەکانی‌دا لەوپەری لەخۆبردوویی‌و فیداکاری‌دا شۆرشی گەلانی ئیرانیان بە ئاکام گەیاند. بەڵام خومەینی لە دەرەوەی وڵاتدا تیشکی خۆی خستە سەر ڕووداوەکان‌و بە جووڵاندنی هەستی مەزهەبی‌و دانی دروشمی ئازادیخوازانەو دیمۆکراتیك سەرنجی لاوان‌و خەلکی بۆ لای خۆی راکیشا. لەوەی کە خەلکی ئیران زۆربەیان موسولمان‌و هەستی مەزهەبییان بەهێزە، چاکتر توانی بۆچوونی خۆی لە نیویاندا پەرە پێ بداو لە رێگەی ئەو کەسایەتی‌یە ناسراوانەوە کە جیگەی متمانەی خەلك بوون توانی باشتر خۆی بەسەر گەلانی ئیران‌دا بسەپینێ.

بەشیك لە لاوانی خوین گەرم‌و شۆرشگێرو تینووی ئازادیی ئیران کە ناوی موجاهیدانی ئینقلابیان لەسەر خۆیان دانابوو بە هێرش کردنە سەر هێزەکانی حەمە رەزاشا بە تایبەت هێزی هەوایی ناوی خۆیان زۆر زوو بە گوێی خەلك ئاشنا کردو ناوبانگیان دەرکردو بە دامەزرانی کومیتەی ئینقلابیش بۆ ئەوەی یەکگرتووترو بەهێزتر بێ‌و باشتر ئینقلاب بپارێزێ، ئەفرادەکەی لەو کومیتەیەدا سازمان دران. پاش ئەوە کە خومەینی توانی بەو شیوەیە جیگای لە نیو بەشیك لە خەلکی ئیران‌دا بکاتەوەو بە ڕوالەت لە ترسی پاشماوەی لایەنگرانی شا لە ئەرتەش‌داو لە راستی‌دا بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ ئەو بەشە لەخەلك کە حەزیان لە دامەزرانی ڕێژیمیکی سەربە خومەینی نەبوو، دەستووری سازماندرانی سوپای پاسدارانی داو ئیدارەی کاروباری پاراستنی ڕێژیمەکەی بەم دەزگایە سپارد. بە دانی دروشمی کۆماری ئیسلامی نە وشەیەك زیادو نە وشەیەك کەم لە ریفراندۆمیك‌دا کە خەلکی ناچار کرا لە نیوان خراپ‌و خراپتردا یەکیان هەڵبژیرن‌و مەسەلەی سەفی شۆرشگیرو دژی شۆرشی بە مەبەستی سەرکوتی نارازییان هاتە گۆرێ.

حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئیران کە لایەنگرو خوازیاری دامەزراندنی کۆماریکی دیمۆکراتیك بوو زۆر زوو لە لایەن خومەینی‌یەوە بە دژی شۆرش لە قەڵەم دراو کوردستان کەوتە بەر پیلانگیری ڕێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو. شەرەکانی سنەو نەغەدە، پاوەو مەریوان‌و . . . بە کاری دژی ئینقلاب لە قەڵەم دران‌و خەلکی ساویلکەیان دژی گەلی کوردو حیزبی دیمۆکرات بەسیج کرد. لە لایەکی دیکەوە خومەینی پیی لە سەر دریژەی شەری ئیران‌و عیراق داگرت کە ئەو خۆی دەوریکی تایبەتی بە سوپای پاسداران بەخشی بوو. کوژرانی سەدان هەزار کەس‌و مالویران بوونی بنەماڵەکان بەرهەمی ئەو شەرە بوون. دیارە خەلك لە پیناوی پاراستنی وڵاتدا شەریان دەکردو هەرچەند خومەینی بە ناوی دریژەدانی شۆرش‌و پاراستنی ئیسلام‌و سادر کردنی ئینقلاب خەلکی هان دەدا. بەڵام خەلکی ئیران بە تیکرا بۆ دیفاع لە خاکی نیشتمان لە شەردا بەشدار دەبوون. تەنانەت حیزبی دیمۆکرات لە راگەیاندراویك‌دا رایگەیاند ئەگەر کیشەی کورد حەل بکرێ ئامادەین بۆ دیفاع لە پیناوی سەربەخۆیی وڵاتدا لە بەرەکانی شەردا بەشدار بین.

لە جەرەیانی ئەو شەرەدا لاوانی ئیران شەری سەرو ماڵ‌و مان‌و نەمانیان کرد، ئەوەی کە ئیستا ڕێژیم لە ژیر ناوی بەسیج دا ناوی دەبا لە راستی‌دا کەلکی خراپ وەرگرتن لە ئامادەیی بەشیك لە خەلك بۆ پاریزگاری لە خاکی وڵات بوو. هەر ئەو کەسانەی کە ئیستا وەبەر رق‌و قینی ڕێژیم کەوتوون بەشیك لەوانەن کە لە بەرەکانی شەری نیوان ئیران‌و عیراق‌دا وەك بەسیج یا پاسدار بەشدار بوون یا کەسیکیان یا ئەندامیکی لەشیان لە دەست داوە.

ئەگەر سوپای پاسداران‌و بەسیج لە سەرەتاکانی شۆرش‌داو تەنانەت تا سالی ٦٥یش بە گویرەی چاوەروانی‌یەکانی ڕێژیم‌و بە تایبەت شەخسی خومەینی دیفاعیان لە ڕێژیم دەکرد، بەو هۆیەوە بوو کە هیشتا رووی دزیوی ئاخوندەکان‌و نیوەرۆکی کۆماری ئیسلامییان بۆ دەرنەکەوتبوو. بەڵام هەرچی ماهییەتی ئاخوندەکان بۆ گەلانی ئیران روونتر دەبۆوە، باوەری هێزە نیزامی‌یەکانی ئیران بە دریژەی شەر لە کزیی دەداو ئەوەش شوینیکی وای لە سەر هێزەکانی ڕێژیم دانا کە خومەینی مەجبوور بوو "جامی ژەهر" بنۆشێ. پاش کۆتایی شەری عیراق‌و ئیران‌و هەڵگرتنی دروشمی " سازندگی" بەکردەوە لەو بارەوە بەرە بەرە بەشیك لە لایەنگرانی ڕێژیم ڕیگای خۆیان لە کۆماری ئیسلامی جیاکردەوەو کار گەیشتە جیگایەك کە ئیدی تەنانەت لایەنگرانی ئەو کاتی ڕێژیمیش ئامادە نین بۆ پاراستنی کۆماری ئیسلامی خوین بدەن. ئیدی خەلك فریوی دروشمە روالەتی‌و بێ نیوەرۆك‌و بێ کردەوەکانی رەفسەنجانی‌و خامەنەیی ناخۆن. بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە هێزی سوپای پاسداران لە باری مەعنەوی‌و بیروباوەرەوە سوپای لە سەردەمی سەرکەوتنی گەلانی ئیران‌و تەنانەت شەری ئیران‌و عیراقیش نیەو ئەو تاقمەش کە ئیستا ئیدارەی کاروباری سوپای پاسدارانیان لە ئەستۆیە زۆرتر کەسانیکن کە قازانج‌و بەرژەوەندیی‌یان بە ڕێژیمەوە گرێ دراوە. ئەو تاقمە لە هەلومەرجی ئیستادا کە مەترسیی رووخانی ڕێژیمیان هەست پێ‌کردوە بە بیانووی پەلاماری ئەمریکا بۆ سەر قازانج‌و بەرژەوەندیی میللی ئیران داوای تەیار کردن‌و پیراگەیشتنی زیاتر بەو هێزە دەکەن. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوە کە شەری ئەم سەردەمە شەری تیکنیك‌و ئیمکاناتی مۆدیرنەو کۆماری ئیسلامییش لەگەڵ هەموو هەوڵ‌و تەقەلاکانی بۆ کرینی چەك‌و ئیمکاناتی شەر دیسان ناتوانێ سوپای پاسداران بە شیوەیەك پرچەك بکا کە بتوانێ لە بەرامبەر هێرشی گەورەو ئیمکاناتی شەری مۆدیرن‌دا خۆی رابگرێ.

وەك باسمان کرد سوپای پاسدارانی ئیستا ئەو باوەرو ئیمانەی سەرەتای شۆرشی نەماوە. وێ ناچێ خەلکی ئیران جاریکی دیکە تەنانەت ئەو بەشە لە لایەنگرانی ڕێژیمیش وەك سەرەتای دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی فریوی گزیکاریی بەریوەبەرانی ڕێژیم بخۆن. سوپای پاسداران ئیستا مەئمووریەتی سەرکوتی ئازادیخوازانی ئیرانی لە ئەستۆیە کە لەو بارەوە دەستی بەتەواوی ئاوالەیەو دەست لە زۆربەی کاروباری وڵات وەردەدا. جار جارە هەرەشە لە ئازادیخوازان‌و جودابیران دەکاو لەو پیوەندی‌یەدا هیندێ جار خۆی لە سەرووی یاساوە دادەنێ‌و بایەخیك بۆ ئەو یاسایانەی کە دەسەڵاتەکەی بەرتەسك دەکەنەوە دانانێ.

سەرەرای هەمووی ئەو توندو تیژییەی کە سوپای پاسداران لە بەرامبەر خەلکی ئازادیخوازی وڵاتدا لە خۆی نیشان دەدا وێ ناچێ ئەو هێزە لە بەرامبەر هێزی خاریجی‌دا خۆراگری لەخۆی نیشان بداو کۆماری ئیسلامیی ئیران لە بەرامبەر لافاوی رق‌و توورەیی خەلکیش‌دا بۆ هەمیشە بپاریزێ.

## هاتنی دەستەیەکی دیکە لە لاوانی بەهەست‌و نیشتمانپەروەر بۆ نیو ریزەکانی حیزب

رۆژی چوارشەممە، ریکەوتی ٨١/٧/٣ دەستەیەکی دیکە لە لاوانی بەهەست‌و نیشتمانپەروەر پاش تەواو کردنی دەورەکەیان (دەورەی ١٤٣ی سەرەتایی پیشمەرگە) بە ریزی تیکۆشەرانی دیموکرات پەیوەست بوون.

بەو بۆنەیەوە ریورەسمیك بە بەشداریی بەریز کاك عومەر بالەکی، ئەندامی کومیتەی ناوەندی‌و بەرپرسی فیرگەی سیاسی ـ نیزامی، کاك حەسەن قادرزادە، ئەندامی کومیتەی ناوەندی‌و بەرپرسی ناوەندی ٢ی کوردستان، هەیئەتی نوینەرایەتی کومیسیۆنی سیاسی ـ نیزامی، کۆمەڵیك لە کادرو پیشمەرگەکانی دەوروبەری دەفتەری سیاسی‌و بەشیك لە ئەندامانی بنەماڵەی تیکۆشەرانی حیزب، لە فیرگەی سیاسی ـ نیزامی حیزب‌دا بەریوە چوو.

ریورەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی رەقیب" دەستی پێ‌کرد. پاشان بەریز کاك حەسەن قادرزادە بەو بۆنەیەوە وتاریکی پیشکەش کرد. کاك حەسەن لە قسەکانی‌دا ئاماژەی بە ماهییەت‌و نیوەرۆکی ڕێژیمی ئاخوندیی ئیران کردو ئەو راستی‌یەی خستە بەرچاو کە ڕێژیمی ئیسلامی ئیران هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری‌یەوە گیرەشیوین‌و هۆی سەرەکیی ئالۆزی، هەرەشەو نائەمنی لە ناوچەکە بووە.

هاورێ حەسەن قادرزادە لە بەشیکی دیکەی قسەکانی‌دا ویرای ئاماژە بە پیشوازیکردنی کۆماری ئیسلامی لە تاقمە بناژۆ ئیسلامی‌یەکان، ئالۆزکردنی ناوچەو دژایەتی لەگەڵ رەوتی ئاشتی، تیشکی خستە سەر وەزعییەتی کوردستانی ژیر دەسەڵاتی ڕێژیمی ئیسلامی‌و سیاسەتی چەوتی کاربەدەستانی ڕێژیم‌و زۆڵم‌و زۆری ئەوان دەرحەق بە گەلی کورد لە کوردستانی ئیران. بەریزیان لە کۆتایی قسەکانی‌دا جووڵانەوەی گەلی کورد لە کوردستانی ئیران‌و ئەزموون‌و لیهاتوویی‌و خەباتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیرانی وەك ریبەری جووڵانەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کورد لە وڵاتەکەمان‌دا بەرز نرخاند.

لە بەشیکی‌تری ئەو ریورەسمەدا هاورییان کاك محەممەد کەسرایی ئەندامی جیگری کومیتەی ناوەندی‌و کاك برایم چوکەلی، ئەندامی ناوەندی ٢ی کوردستان خەڵاتیان بەسەر ژمارەیەك لە بەشدارانی دەورەکەدا دابەش کرد. نیو ئاخنی بەرنامەکەش ئاهەنگ‌و شیعرو گۆرانی جۆراوجۆر بوون کە بە هاوکاریی کۆری هونەریی حیزب پیشکەش کران.

کۆتایی هینەری ریورەسمەکە ریزە هەڵپەرکێ‌یەکی کوردەواری بوو کە لە لایەن بەشدارانی دەورەی ١٤٣و ١٤٤ەوە ئامادە کرابووو پیشوازی‌یەکی گەرمی لێ‌کرا.

## هەوالیك لە مەهابادەوە

رۆژی ٢٦ی خەرمانان هێزەکانی بە ناو ئینتیزامیی شاری مەهاباد لە نزیك شاردا بە بیانووی هەڵگرتنی موسافیری قاچاغ تەقەیان لە ماشینیك کرد. لە ئاکامی ئەو تەقەیەدا کەسیك بە ناوی مستەفا قادری خەلکی بانە کوژرا. "کوردستان" ویرای مەحکووم کردنی ئەو جینایەتەی ڕێژیم، سەرەخۆشی لە بنەماڵەو کەسوکاری مستەفا قادری دەکا.

## درێژەی: هەموو شتیك بۆ جەبهەو. . .

سەرەرای بەشداریی بێدریغی هەرکام لە تیکۆشەران‌و دلسۆزانی حیزب‌و جووڵانەوە لە جێبەجێ کردنی ئەو ئەرکانەدا کە کەوتبوونە سەر شانیان، زۆر رەفتارو کردەوەی دیکە نیشانی دا کە چ باوەریکی پتەو بە ئازادی‌و چ ئیرادەیەی پۆڵایین بۆ خەبات لە پیناوی مافە نەتەوایەتی‌یەکانی گەلی کورد لەنیو رۆڵەکانی کوردستان‌دا هەیە. لەحالیك دا بە سەدان کەس لە پیرو لاو و ژن‌و مندالی بێدیفاع کەوتبوونە بەر گوللەی هیرشکەرانی کۆماری ئیسلامی‌و بە هەزاران کەسیان ئاوارە ببوون‌و هەرەشە بە دوای هەرەشەدا بۆ خەلکی گوندەکان دەنیردرا کە ئەگەر هاوکاریی پیشمەرگەکان بکەن‌و لە هاوکاریی "سوپای ئیسلام" خۆبببوێرن چیان بەسەر دێ‌و، ئەگەر بە پیچەوانە بجوولینەوە چۆن خەنی دەکرین، ئەو خەلکە لە هەموو جێ‌یەك وەك هێزیکی داگیرکەر لەگەڵیان بەرەو روو بوونەوە. نەك هەر لە خەلك‌و لەو کەسانەی چەکی بەرگری لە نیشتمانیان لەشان دابوو، کەس ئامادە نەبوو لە ژیر فشارو هەرەشەدا بچیتە ریزی دوژمن، بەڵکوو جیگای شەهیدەکانیش بەتاڵ نەمایەوەو چەندین بەرامبەری ژمارەی ئەوان، لاوانی کوردستان هاتنە ریزی پیشمەرگە. جگە لەمەش ئەو خەلکەی چەند مانگ بوو شەوو رۆژ لە ژیر بارانی ئاگرو ئاسنی دوژمن دابوون، دوابەدوای ئەو هێرش‌و لەشکرکیشی‌یەش، پیشمەرگەکانیان لە ماڵ‌و مووچەو مەزرای خۆیان‌دا پەنا داو، لە هێرش‌و دەست وەشاندن لە دوژمن‌دا بوونە چاو ساغ‌و پشتیوان‌و یارمەتیدەریان.

### هەڵویستیك کە جیگای تایبەتی بۆخۆی لە میژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کورددا کردەوە

وەبیر هینانەوەی رووداوەکانی مانگەکانی "دیفاع"و "هیرش" بە بێ وەبیر هینانەوەی ناوی پر لە سەروەریی "هێزی پشتیوان" کەمایەسی‌و ناتەواوی‌یەکی زەقی پیوە دیارە دەبێ. هەڵویستی ئازایانەی ئەوکاتی هێزیکی خەباتگیری کورد لە کوردستانی عیراق لەبارەی ناردنی سەدان کەس لە تیکۆشەرانی خۆی بۆ کوردستانی ئیران تا شانبەشانی هێزی پیشمەرگەی حیزبی دیمۆکرات‌و لەژیر ناوی "هێزی پشتیوان"دا، دیفاع لە ئازادی‌و مان‌و مەوجوودییەتی گەلی کورد لەو بەشەی کوردستان بکەن، شوین‌و بایەخ‌و مانایەکی پیرۆزو گرنگی هەبوو. لە راستی‌دا دوای ئەو بەشداریە میژوویی‌یەی بارزانی‌یەکان لە پاراستنی کۆماری کوردستان‌دا کردیان، ئەوە یەکەم جار بوو هێزیکی سیاسیی بەشیکی کوردستان، تیکۆشەرانی خۆی بۆ پاریزگاری لە دەسکەوتەکانی بزووتنەوەی کورد لە بەشیکی دیکەی کوردستان، دەنارده مەیدانی فیداکاری‌و خۆبەخت کردن. هەربۆیە ناوو یادی "هێزی پشتیوان" لەگەڵ بیرەوەریی خۆراگریی قارەمانانەی رۆڵەکانی دیمۆکرات لە مانگەکانی "دیفاع"و "هیرش"ی سالی ١٣٦١دا وەها ئاویتە بووە کە هیچ کات لە حافیزەی میژوویی خەلکی کوردستان ناسریتەوە.

### هەوین‌و هاندەری پیکهاتنی ئەو حەماسە نەتەوەیی‌یە:

خۆراگریی سەرسەختانەی هێزی پیشمەرگەو پشتیوانیی بیدریغی خەلکی کوردستان لە رۆڵە چەك لە شان‌و گیان لەسەر دەستەکانیان بەرامبەر بەو هیرشە پان‌و بەرین‌و درندانەیە بەراست شیاوی ئەوەیە بە حەماسەیەکی نەتەوەیی ناودیر بکرێ. حەماسەیەك کە بروا بە دیمۆکراسی‌و خودموختاری، بیزاری لە ژیر دەستی‌و دیکتاتۆری‌و قبووڵ نەکردنی نەنگی تەسلیم‌و خۆبەدەستەوەدان لەلایەن شۆرشگیرانی کوردو خەلکی خەباتگیری کوردستانەوە، هەوین‌و هاندەری پیکهاتنی بوون. ئەو حەماسەیە دەری‌خست کە لە شەرو بەربەرەکانیی زۆردارو ژیردەست یا ماف پیشیلکەرو ماف خوراودا، باڵادەستیی نیزامی‌و زۆرو زەوەند بوونی هێزی ئینسانی‌و چەك‌و تەقەمەنی، زۆرجار هۆکارو مەرجی چارەنووسساز نین.

هێزیکی شۆرشگیر کە لە رەوا بوونی خەباتەکەی‌و بە هەقبوونی ویست‌و داخوازەکانی دلنیاو، بە پشتیوانیی بێدریغی گەلەکەی دلگەرم بێ‌و، بتوانێ زۆر لە تواناکانی خۆی‌و گەلەکەی لەکاتی خۆیدا وەگەر بخاو بۆ تیك شکاندنی بەرنامەو پیلانەکانی دوژمن بە باشی کەلکیان لی وەربگرێ، دەتوانێ لە جەریانی شەریکی نابەرامبەریش‌دا، زۆر دەرسی تاڵ بە دوژمنان‌و زۆرداران بدا.

لە بیستەمین سالی ئەو حەماسە گەورەیەدا، سلاو بۆ گیانی پاکی هەموو ئەو شەهیدانە دەنیرین کە لە "جەبهە"و "سەنگەر"ی ئازادی‌دا گیانیان بەخشی. هەروها بەرامبەر بە کۆمەڵانی ئەرکناسی گەلی کوردو نیشتمانپەروەران‌و خەباتگیرانی‌کوردستان‌و ئیران کە پەیامی دوکتور قاسملوو و حیزبی دیمۆکرات "هەموو شتیك بۆ جەبهەو هەموو ئیمکاناتیك بۆ سەنگەر"یان بە گویی دل وەرگرت‌و لەو پیوەندی‌یەدا ئەرك‌و زەحمەتی زۆریان کەوتە سەرشان، جاریکی دیکە سەری ریزو پیزانین دادەنوینین.

سەرچاوەکان:

١ـ پەیامی سکرتیری گشتیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئیران بۆ بۆنەی هیرشی درندانەی ڕێژیمی خومەینی بۆ سەر خەلکی کوردستان. رۆژنامەی "کوردستان"، ژمارە ٨٦، خەرمانانی ١٣٦١

٢ـ هەمان سەرچاوە

٣ـ "نیوسەدە تیکۆشان" نووسینی عەبدوڵلا حەسەنزادە، بەرگی دووهەم، چاپی دووهەم، لاپەرەکانی ٢٢و ٢٣

٤ـ وەرگیراو لە پەیامی دوکتور قاسملوو بە بۆنەی تەواو بوونی دوو مانگی دیفاع‌و هێرش، ٣ی سەرماوەزی ١٣٦١ (ئارشیوی رادیۆی دەنگی کوردستانی ئیران)

٥ـ هەمان سەرچاوە

KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 350 7 Oct 2002


بۆ خوێندنەوەی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و وەرگرتنی زانیاری لەبارەی حیزب،
براونە ئەم ئادرەسانەی خوارەوە لەسەر ئینتێرنێت:

www.kurdistanmedia.com
e- mail:
kurdistanmedia@yahoo.com

http://www.pdk-iran.org
e- mail:
pdkiran@club-internet.fr

## بەر لە ماڵاوایی

## "ماڵاوایی یەکجاری"



**شەوی ٦ لەسەر ٧ی رەزبەری ١٣٧٣ شۆڕشگێڕی نموونەو رۆڵەی بەوەجی حیزب و گەل، عەبدوڵڵا شەریفی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیو بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی مەهاباد، کەوتە نێو کەمینی بەکرێگیراوانی رێژیمی کۆماری ئیسلامیو شەهید بوو. لە هەشتەمینساڵرۆژی ئەو رووداوە دڵتەزێنەدا ستوونی "بەر لە ماڵاوایی" بە چەند بەشێك لە وەسیەتنامەکەی ئەو شەهیدە مەزنە کە چەند ساڵێکیش هاوکاری دەستەی نووسەرانی "کوردستان" بوو، دەنەخشێنینو بە رێزەوە یادی دەکەینەوە:**

شەوێکی ماتو بێدەنگە. زۆری نەماوە بۆ درێژەدانی ئەرکی پیرۆزم بگەڕێمەوە ناوچە جوانەکەی مەهابادو نێو خەڵکە دێموکراتو پێشمەرگە پەروەرەکەی. نازانم چۆن بوو بە دڵم داهات شتێك وەك وەسیەتنامە بنووسم. هەر چەند ژیان خۆشە، بەڵام کاتێك پێویست بێ بمرین بۆ ژیانی خۆشی گەل دەبێ بەختی بکەین. زۆرم ئاوات بوو رۆژێك لە نیشتمانی خۆمانو لە نێو گەلی خۆمان بە ئازادیو سەربەستی بژیابامایەو رزگاریی گەلەکەمانم بە چاوی خۆم دیتبایە.

دایکی خۆشەویستم! بابە رۆیشتو لەسەر دڵم داخە نەمتوانی بیبینمەوە. لەسەر منو بۆ من چهای بەسەر هات! زۆر لەمێژە تۆشم نەدیتوە. ئێستا کە کاروانی مەرگم دەڕواتو گەڕانەوەی بۆ نیە، بە یەکجاری ماڵ ئاواییتان لێ دەکەم. خۆزیا مەرگی من وەپێش بابەش بکەوتایە. گوتوویانە ئەولاد بۆ ئەوەیە کە باوكو دایکی بحەسێنێتەوە، هەر چەند ئاواتی منیش ئەوە بوو بتوانم خزمەتێکتان پێبکەمو لە هەزاران هەزار رەنجو زەحمەتی ئێوە یەکیان قەرەبوو بکەمەوە، بەڵام بەو ئاواتەش نەگەیشتم.

خۆشەویستان! من تەنیا کوڕی ئێوە نەبووم، هی هەموو باوكو دایکێکی ئەو کوردستانە بووم. دایە گیان! چاوە کەم بیناکانت ماچ دەکەم، نابێ بۆ من بگری. منداڵەکان گەورە بوون. دەبێ بە دیتنی وان غەمی منتان لەبیر بچێتەوە. باش دەزانی کە من لەسەرخۆمو بۆخۆم نەبوومە پێشمەرگە، ئاهو ناڵەی رەشو رووتو رەجاڵەکانی کوردستان، ئیمان بە ئازادیو رزگاری، بۆ ئەو رێگایەی هان دام. ئازایانە، دڵسۆزانەو سادقانە، قایمو پتەو، ئەرکەکانی شۆڕشم بەجێ گەیاند. بەو هیوایە حیزبە خۆشەویستەکەمو گەلە هەژارەکەم لێم رازی بنو وەك من بەوان وەفادار بووم ئەوانیش من لەیاد نەکەن.

کاك حەمەدەمین! و عوسمان! و عومەر! و خوشکە فاتم! چاوەکانتان ماچ دەکەم. تازە ناتان بینمەوە، ئاوات زۆر بوون بە یەك بگەینەوە بەڵام نەگونجا. ئیمانێکی قووڵم بە رێگاو رێبازەکەم هەبوو کە بۆی کوژرام. ئەمن بۆم نەکرا، بەڵام ئێوە خزمەتی دایە پیرەتان لەبیر نەچێ. چاوتان بە منداڵەکانەوە بێو مەهێڵن بێناز بن. منداڵەکان دەبێ بخوێننو رێگای پیرۆزی باوکیان قەت ون نەکەن.

خێزانی خۆشەویستم ئەسمەر گیان! هەر چەند پێت ناخۆش بوو بۆ ساتێکیش لێت دوور کەومەوە، ئەوجار دوور کەوتنەوەکەم بۆتە هەمیشەییو تازە ناگەڕێمەوە، خواحافیزیت لێ دەکەم. داوام ئەوەیە بۆم غەمبار مەبەو خۆت نارەحەت مەکە. منداڵەکان چاك پەروەردە کە، حەتمەن پێیان بخوێنەو باشیان پێ تەڵقین بکە رێگای باوکیان قەت بەرنەدەنو هەمیشە بە سەربڵندی بژینو بۆ گەلەکەیان بژین.


خزمو دۆستانو هاوڕێیان! هەمووتانم خۆش دەویستو خۆشتان ویستم. خواحافیزیتان لێ دەکەم. ئەوەندەی کە من بۆم کرا ئێوەم لەبیر نەکرد، بەو ئاواتە ئێوەش من لەبیر نەکەن. هەر کەس کە منی خۆش دەوێ داوام ئەوەیە حیزبەکەی من، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی خوش بوێو رێگای دێموکرات بگرێتە پێش.

پەروەردەی ئاوو هەوای کوردستان بوومو گیانم وەك دیاری بۆ گەلو کوردستانم بەخت کردو بە پێی توانا دژی زاڵمو زۆردار خەباتم کردو بە رێبازو گەلەکەم وەفادار مامەوە. بەو هیوایە حیزبەکەمو ئێوەش لێم رازی بن. دڵنیام درەنگ یا زوو ئاواتی رزگاریی گەلەکەم وەدی دێتو کوردیش بە مافی خۆی دەگاو کوردستانیش رزگار دەبێ.

**جوانەمەرگو ناکام "عبداللە شریفی"**

**ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران**

## فیلمی "کۆماندۆی تیرۆر" لە تەلەویزیۆنی سوئێد پیشان درا



چوار شەهیدی تیرۆری میکونووس کە بەنیهاشمی فەرماندەری عەمەلیاتەکە بوو

کانالی یەکی تەلەویزیۆنی سوئید، شەوی ١٩ی سیپتامبری ئەمساڵ فیلمیکی بەڵگەنامەیی سەرنجراکیشی لەبارەی کردەوە تیرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی لە سوئید لە دەیەی ٩٠دا پیشان دا. ئەو فیلمە لەلایەن ژورنالیستیکی سوئیدی بە ناوی Scar Hedinەوە ئامادە کراوە.

فیلمەکە نیشان دەدا کە سەفارەتی ئیران لە سوئید لە چەندین کردەوەی تیرۆریستیی ئەو ریژیمە لە دەیەی ٩٠دا دەستی هەبووە. هەروەها نیشان دەدا کە مەئمورانی ئیران بە هەرەشەو تەماع وەبەرنان هەولیان داوە جاسووسو ماوەدست لەنیو ئیرانییەکانی دانیشتووی سوئیددا بۆخۆیان پەیدا بکەن. بە گویرەی نیوەرۆکی فیلمەکە، مەئمورانی ریژیمی ئیران بە کەلك وەرگرتن لە پاریزراوی (مصونیت)ی دیپلوماتیك توانیویانە پاش بەشداری لە کردەوەی تیرۆیستیدا، لەدەست عەدالەت خۆیان رزگار بکەن.

خالیکی جیگای سەرنج لەو فیلمەدا ئەوەیە کە دەزگای ئەمنییەتی سوئید (SAPO) ئاگای لە زۆربەی پلانو کردەوە تیرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی لەو وڵاتەدا بووە، بەڵام کەمتەرخەمی کردووەو بۆ گرتنو لە داو خستنی تیرۆریستەکان هەولی پیویستی نەداوە. ئاغای میهرداد دەرویش پوور کۆمەلناسی ئیرانیی دانیشتووی سوئید لە وتاریکدا لەبارەی ئەو فیلمەوە کە لە رۆژنامەی Svenska Dagbladetدا بڵاوی کردەوە، نووسی: "شتیك کە لەو فیلمەدا، تازەو هەر لەوکاتەدا دلتەزینەو سەرنج رادەکیشێ، نەخشی سازمانی ئەمنییەتی سوئیدە کە لەجیاتی گرتنو سزادانی تیرۆریستە ئیرانییەکانو یا لانیکەم ئاشکرا کردنی ناوی ئەوان، بە بیدەنگیو بەنهینی دەرەتانی راکردنی بۆ پیك هیناون. بۆ وینە ریکخراوی ئەمنییەتی سوئید دەیزانی مەئموری ئیرانی "رەزا تەسلیمی" ماوەیەکی زۆر خەریکی راکیشانی "موحسین رەشیدزادە" بۆ لای جاسووسیو زانیاری کۆکردنەوە بووە. هەروەها لە گەلاڵەی تیرۆری جەلیل گادانی (کە ساڵی ١٩٩٠ بە سەردان هاتبووە سوئید) لەلایەن رەزا تەسلیمیو تاقمەکەیەوە ئاگادار بووە، گەڵاڵەیەك کە بەخۆشییەوە سەر نەکەوت."

فیلمی "کۆماندۆی تیررۆر" کە لە دەوروبەری دەیەمین سالی تیرۆری دوکتور شەرەفکەندیو هاورییانیدا لە تەلەویزیۆنی سوئید بڵاو بۆوە، نیشان دەدا کە "عبدالرحمن بنیهاشمی" ریبەری تیمی تیرۆری ریستورانی میکۆنووس، پیشتر لە سوئید ویستوویەتی بە هاوکاریی "جەمشید حەسەنپوور"، "مەروان ئەکرومە" سەفیری عەرەبستان لە سوئید تیرۆر بکا. سەرنج راکیش ئەوەیە ئەو تیرۆریستە ئەوکات هیچ چەشنە پاریزراوی (مصونیت)ی پارلمانیشی نەبووە. هەروەها جەمشید حەسەنپوور بە پیی نیوەرۆکی فیلمەکە لە تیرۆری خانمی عیففەتی قازی دا (بە هۆی بەستەیەکی پۆستی لە ویستروس لە ساڵی ١٩٩٠دا) دەستی هەبووە، بەڵام هەردووکیان بیئەوەی بگیرین، تەنیا لە وڵاتی سوئید وەدەر دەنرین.

## "جوامیر" فیلمە نەك CD!




**بە دوای بڵاو بوونەوەی ژمارە ٣٤٩ ی "کوردستان"دا، هاوڕێیانی بەشی فیلمی کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوەو فێرکردنی حیزب، وێڕای سوپاس لە رۆژنامەی "کوردستان" بە بۆنەی ناساندنی بەرهەمی تازەی ئەو بەشە "جوامێر"، گلەییان لێ کردینو رەخنەیان لێ گرتین کە "جوامێر" فیلمە نەك CD. "کوردستان" بۆ ڕوونبوونەوەی مەبەستی ئەوان لەو گلەییە، پێوەندیی بە کاك عومەر غوڵامعەلی بەرپرسی بەشی فیلمەوە گرتو لەبارەی فیلمی "جوامێر"و بەرهەمەکانی دیکەی ئەو بەشە لە بواری بەرهەمهێنانی فیلمو CDدا داوای زانیاریو ڕوونکردنەوەی زیاتری لێ کرد: کاك عومەر بەم جۆرە وەڵامی داینەوە:**

وێڕای ماندوو نەبوونیو سڵاوو رێزو حورمەت، بە هیوای سەرکەوتنی هەرچی زیاترتان، پێزانینی خۆمان دەردەبڕین بەرامبەر بەوەی کە "کوردستان" زۆرجاران بەشی فیلمی لە موناسبەتی جۆراوجۆردا بەسەر کردۆتەوە کە شایانی سوپاسە. بەشی فیلم لەوەش زیاتر چاوەڕوانیی لە "کوردستان" هەیە. گلەیی یا رەخنەکەی بەشی فیلم لەوە دایە کە "جوامێر" وەك ناوێك بۆ CDیەکی تەبلیغاتی ناسێنراوەو وادەنوێنێ کە ئەو CDیە چەند بەرهەمی جۆراوجۆری بە مەبەستی تەبلیغ بۆ کردنیان لە خۆ گرتوە. بەڵام لە ڕاستیدا "جوامێر" فیلمێکی بەڵگەنامەییە کە ئاوڕێکی لە ژیانی خەباتگێڕانەی شەهیدی مەزن دوکتور سادق شەرەفکەندی داوەتەوەو لە چوارچێوەی توانای فیلمێکی وادا هێندێك لە لایەنەکانی کەسایەتیی دوکتور سەعید، وێڕای هەڵوێستی کۆڕو کۆمەڵو کەسایەتییە مرۆڤدۆستو ئازادیخوازەکانی جیهانو بیرو بۆچوونی کەسایەتییە خەباتگێڕەکانی کوردو ئێرانی لەمەڕ کارەساتی میکونووس، مەبەستی چەپەڵی کۆماری ئیسلامییش لە خولقاندنی ئەو جینایەتە وەبیر بینەرانی دێنێتەوە. فیلمی جوامێر بە ئامێری ڤیدئۆو لە شێوەکانی VHS- SVHSو هەروەها لە قالبی دیسکی پەستێوتراوی ڤیدئۆییشدا (VCD)و لە دە ساڵەی شەهید بوونی دوکتور سەعیددا کەوتە بەر دەستی ئۆگرانی بەرهەمو بڵاوکراوەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانەوە.

لەسەریەك بەرهەمەکانی ئەو بەشە بە پێی ئیمکاناتێك کە لە کوردستانو بە تایبەتی لەلای ئێمە وەچنگ دەکەون، هەروەها بەو ئامێرانەو بەو کەرەسانە بەرهەم دەهێنرێن کە دەست وێڕاگەیشتنیان بۆ هەمووان ئاسانە. ئەوەش بەبڕوای ئێمە نابێ لە بایەخی بەرهەمەکانی ئەم بەشە کەم بکاتەوە. "شەپۆلی هاودەردی"، "نانو ئازادی"، "نرخی ئازادی"، "منیش گابەردەکانم خۆش دەوێ"، "ڕوانگە"، "جوامێر"و زۆر بەرهەمی دیکەی ئەم بەشە فۆرمو نێوەرۆكو پێکهاتەی فیلمی شیاوی بینینیان هەیە. هەربۆیە لە ڕوانینی کارگێڕانی ئەو بەشەوە بە هەڵسەنگاندنی مەتنو سناریۆو ساختارو هەروەها مۆنتاژو دەرهێنانەوە، "جوامێر"یش بۆ خۆی فیلمێکی سەربەخۆیەو پێویستە وەك هەیە ئاوا بناسێندرێ. جارێکی دیکەش سوپاسی بەسەر کردنەوەکانتان دەکەین.

## هەللاو هەنگامە لە سەر ماچیکی سینەمایی!





لە ریورەسمی "جیژنۆکەی فیلمی حەقیقەت"دا کە رۆژی ٥یرەزبەری ئەمساڵ لە شاری یەزد بەریوە چوو، خانمی "گەوهەری خیرئەندیش" هونەر پیشەی ناسراوی سینەماو تەلەویزیۆن لە کاتی خەلات بەخشین بە فیلمسازی لاو "عەلیی زەمانیی عیسمەتی"دا، ناوبراوی ماچ کرد. گەوهەر خانم تەمەنی نزیك بە پەنجا سالەو "عەلی زەمانی"یش لە قوتابییەکانی میردی ئەو خانمە (جەمشید ئیسماعیل خانی کە لەم دواییانەدا مرد) بووە. هەرچی گەوهەر خانمە دەلێ ئەم فیلمسازە لاوە بە کوری خۆم دەشێ هەر بۆیە ماچم کردوە. بەڵام کاربەدەستانی دادگای یەزدو رۆژنامەو دەزگاکانی سەر بە پاوانخوازان، ئەم جۆرە قسانەیان بە گویدا ناچیو ناوبراویان بە ئەنجامدانی کردەوەی ناشەرعی، رەفتاری غەیرە ئەخلاقیو دزیو تاوانبار کردووەو هەللاو هەنگامەیەکیان وەری خستوە، ئەو سەری دیار نیە. مامۆستا هیمنی رەحمەتییش نەماوە تا روونی بکاتەوە ئەو ماچە ماچی سینەمایی بووە یا ماچی خودایی. هەر چەند ئەگەر ماباو ئەو شاهیدییەشی دابا، لییان قبووڵ نەدەکرد.